هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان
# 62

سالَی/ 2010 – بەرگی شەست ودوو

چاپی یەکەم/ سالَی 2010

# پێرست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/1/21 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/2/11 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2008/2/12 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/2 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/3/10 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/3/25 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/3/31 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/4/6 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/4/14 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/4/15 ل

11. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان.

12. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.

13. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.

14ـ خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان.

15. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (17)، ڕۆژی دانیشتن (2010/12/1)، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (17)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی (2010/12/1)دا بەو شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

2. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دادنگە لە هەرێمی کوردستان.

3. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.

4. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی ساڵی 2008ی یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979.

5. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی خشتەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی 2010.

6. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی.

7. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای وانەبێژی مامۆستایان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان.

8. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی حزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.

9. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بووژاندنەوەی پێشخستنی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.

10ـ خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کاروباری شارستانی ژمارە (65) لە ساڵی 1972ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.

11. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان.

12. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.

13. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.

14ـ خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان.

15. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئێستاش خاڵ بە خاڵی بەرنامەی کار، خاڵی یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

ئێستا لیژنەی یاسایی با بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان، بۆ ئەوەی پرۆژە یاساکەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم، لە دوو بڕگە پێك هاتووە، خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە، بەنووسراوی ژمارە (2937) لە 2010/11/25، ئێستا لەلایەن ئەندامانی لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی و کوردی دەخوێندرێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایە لە پێنج مادده پێك دێت:

**پرۆژە یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق**

ماددەی یەکەم:

مەبەست لە زاراوەکانی خوارەوە بەو شێوەیەی لە بەرامبەریان روونکراوەتەوە:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- سەرۆکی هەرێم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

3- ئەنجومەن: ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق.

4- **راوێژکار: راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق.**

5- **ئاسایشی هەرێم: پاراستنی هەرێمی کوردستان – عێراق لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکی.**

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم: ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێکدێت لە:**

1- **دەزگای ئاسایشی هەرێم.**

2- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەوالگری سەربازیی.**

3- **ئاژانسی پاراستن و زانیاری.**

**دووەم: ئەنجومەن لە رێی رێکخستن و پلاندانانی سیاسەتێکی یەکخراوەیی تەناهییەوە هەماهەنگی لەنێوان سەرجەم دەزگا پەیوەندیدارەکان ساز دەکات و پەیوەست دەبێت بە سەرۆکی هەرێمەوە.**

**ماددەی سێیەم:**

**ئامانج لەم یاسایە بریتییە لە بنیاتنان و دارشتنی بنچینەکانی ئاسایشی هەرێم لە رێگای:**

1- **دابین کردنی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێم.**

2- **پاراستنی بنچینەو پرنسیپە دەستووری و یاساییەکانی هەرێم.**

3- **کۆکردنەوەو شیکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی هەر هەڕەشەیەك لەسەر ئاسایشی هەرێم.**

4- **گۆڕینەوەی زانیاری لەنێوان دەزگای تایبەتمەند لە هەرێم و حکومەتی فیدراڵ.**

5- **ئاڵوگۆڕی تۆمەتبارو تاوانباران و رادەستکردنی دۆزەکانیان لە نێوان دەزگا تەناهییەکانی فیدراڵی و هەرێم بەگوێرەی میکانیزمێك کەبە پەیڕەو (نظام) دیاری دەکرێت.**

6- **پاراستنی ئاسایشی ئابووری هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.**

7- **پاراستنی ئاسایشی هەرێم لە بواری تاوانی سەخت، تاوانی رێکخراو، ماددەی هۆشبەر، ساختەکاری لە دراودا، گەندەڵی کارگێڕیی و دارایی، شتنەوەی پارە بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.**

8- **پاراستنی سیستمی زانیاری هەرێم.**

9- **نەهێشتنی تیرۆریزم بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.**

10- **نەهێشتنی سیخوری بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.**

11- **پاراستنی ئاسایشی گەیاندن.**

12- **پاراستنی ئاسایشی فڕۆکەخانەکان و دەروازە سنوورییەکانی هەرێم.**

13- **هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی کەسانی فەرمی لەکاتی پێویستیدا.**

14- **بەدواداچوونی کاروباری پەنابەرو ئاوارەو ئەو بیانیانەی لە هەرێم نیشتەجێن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.**

15- **پاراستنی ئاسایشی خۆراکی و تەندروستی لەهەرێمدا بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.**

16- **پاراستنی ئاسایشی وزەو دەزگا ژیارییەکان.**

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 67

**سالْی/ 2011 – بەرگی شەست و حەفت**

---

چاپی یەکەم/ سالْی 2011

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/5/2 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/5/3 ل 69

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/5/16 ل 153

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/5/17 ل 205

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/5/18 ل 255

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2011/5/19 ل 369

**ناوی یاسا، یاسای ژمارە () ساڵی 2011**

**یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم: پێناسەکان**

پێشنیار دەکەین هەردوو بڕگەی پێنج و شەشی ماددەکە لابدرێن، چونکە دەزگا لە بڕگەی چواردا پێناسە کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پرۆژە یاسای ئەنجومەن، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت راپۆرتی هاوبەش، بەڕاستی تەرجومە نەکراوە بۆ کوردی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردووکی هەیە، یەکێکیان بە کوردی بخوێننەوە، پاشان بە عەرەبی، فەرموون.

**بەڕێز عمر احمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی هاوبەش.

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی هاوبەش**

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان رۆژی 10/گوڵان/2711ی کوردی بەرامبەر بە رۆژی 2011/4/30ی زایینی کۆبوونەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژە یاسای (ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان- عێراق)، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، لە دوای یەکەمین خوێندنەوەی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (17)ی رۆژی 2010/12/1دا، رەوانەی لیژنەکەمان کرا. دواتریش چەندین کۆبوونەوەی دیکەی بە دوادا هات، کە دواترینیان کۆبوونەوەی رۆژی 2011/4/30 بوو، لە پاش گفتوگۆ و دانووستان، هەردوو لیژنەکە گەیشتن بە:

**یاسای ژمارە (   )ی ساڵی 2011**

**یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان- عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی دادێن، واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستان- عێراق.

2- سەرۆکی هەرێم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق.

3- ئەنجومەن: ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم.

4- راوێژکار: راوێژکاری ئاسایشی هەرێم.

5- ئاسایشی هەرێم: پاراستنی هەرێم لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوخۆ.

**ماددەی دووەم:**

**دوو را لە نێو ئەندامانی هەردوو لیژنەکەدا هەیە:**

**رای یەکەم: کە رای زۆرینەیە، پشتگیری لە ماددەکە دەکات وەك چۆن لە بنەچەی پرۆژەکەدا هاتووە، لەگەڵ پێشنیاری داڕشتنەوەی پێشەکیی ماددەکە بەم شێوەیەی دادێ:**

**(بەگوێرەی ئەم یاسایە ئەنجومەنێك بە ناوی (ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان) پێك دەهێندرێت و بریتی دەبێت لە:)**

**رای دووەم: کە رای کەمینەیە، پێشنیار دەکات ئەنجومەن بریتی بێت لە (سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی ئەنجومەن بێت و هەر یەك لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ ئەندام بن لە ئەنجومەنەکەدا).**

**ماددەی سێیەم:**

**زیاتر لە رایەك لە نێو ئەندامانی هەردوو لیژنەدا هەیە:**

**رای یەکەم: کە رای کەمینەیە، کە تەنیا لەگەڵ هێشتنەوەی پێشەکیی ماددەکەو ئیلغا کردنی تێکڕای بڕگەکانی ماددەکەدایە.**

**رای دووەم: کە رای زۆرینەیە، لەگەڵ هێشتنەوەی ماددەکەدایە، هەر وەك لە بنەچەی پرۆژە یاساکەدا هاتووە.**

**رای سێیەمیش هەیە، رای تاکە کەسێکە و دەڵێ ماددەی سێیەم ئیلغا بکرێتەوە.**

**ماددەی چوارەم:**

**تێبینیی لە سەر نییە بێ لە گۆڕینی ریزبەندی بڕگەکان بە (1، 2، 3) لە بری (یەکەم، دووەم، سێیەم).**

**ماددەی پێنجەم: هەردوو لیژنە پێشنیار دەکەن:**

**لادانی هەردوو بڕگەی (1 و 3) لە ماددەکە و داڕشتنەوەی بڕگە (2)ی و، دەقی ماددەکەش بەم جۆرەی دادێ دەبێت:**

**(ئەنجومەن کار و پەیکەری ئەو دەزگایانەی ناویان لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، بە یاسایەکی تایبەت رێك دەخات).**

**رای هەندێك لە ئەندامانی لیژنەی کاروباری ناوخۆ وایە، ماددەیەك بەم شێوەیەی دادێ زیاد بکرێت:**

**(کاتێکی دیاری کراو دەست نیشان بکرێت بۆ یەکخستنی ئاژانسی پاراستن و زانیاری لە ماوەی دوو ساڵدا).**

**هەردوو لیژنە پێشنیار دەکەن چەند ماددەیەك بەم ریزبەندییە و بەم شێوەیەی دادێ زیاد بکرێن:**

ماددەی شەشەم: راوێژكار بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات.

ماددەی حەوتەم: كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت، كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بن.

ماددەی هەشتەم: پێویستە لایەنی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

ماددەی نۆیەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاو كردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی كوردستان)دا، جێبەجێ دەكرێت.

**پاساوی دەرچوواندن**

بە مەبەستی دانان و داڕشتنی بنەماكانی ئاسایشی هەرێم و ئامانجەكانی و روون كردنەوەی پێكهاتەكانی ئەنجومەنی تایبەت بە ئەو و چۆنیەتی بەجێ گەیاندنی ئەركەكانی، ئەم یاسایە دەرچوو.

تكایە بفەرموون بۆ بینینی و، بنەچەی پرۆژەكەو ئەوەی لەم راپۆرتەدا لەبارەیەوە هاتووە، بخرێتە بەردەمی پەرلەمان بۆ گفتوگۆو دەربڕینی رای گونجاو لەبارەیەوەو دەنگدان لە سەری. لەگەڵ رێزدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبییش بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير مشترك**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية ولجنة الداخلية والأمن والمجالس المحلية بتأريخ 10/گولأن/2711 كوردي المصادف ليوم 2011/4/30 الميلادية لدراسة مشروع قانون (مجلس أمن اقليم كوردستان - العراق) المقدم من قبل مجلس الوزراء والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (17) والمؤرخة في 2010/12/1 واعقبتها عدة اجتماعات وكان اخرها اجتماع يوم 2011/4/30 وبعد المناقشة والمداولة، توصلت اللجنتان الى ما يلي:

**قانون رقم (   ) لسنة 2011**

**قانون مجلس امن اقليم كوردستان - العراق**

المادة الأولى:

يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1- الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

2- رئيس الاقليم: رئيس اقليم كوردستان - العراق.

3- المجلس: مجلس امن الاقليم.

**4- المستشار: مستشار امن الاقليم.**

**5- امن الاقليم: حماية الاقليم من التهديدات الخارجية والداخلية.**

**المادة الثانية:**

**هناك رأيان بين اعضاء اللجنتين:**

**الرأي الاول: وهو رأي الاكثرية، تؤيد المادة كما وردت في اصل المشروع مع اقتراح اعادة صياغة مقدمة المادة بالشكل الآتي:**

**(يشكل بموجب هذا القانون مجلس يسمى بـ(مجلس امن اقليم كوردستان) ويتكون من :)**

**الرأي الثاني: وهو رأي الاقلية، حيث تقترح ان يتكون المجلس من (رئيس الاقليم رئيسا للمجلس وان يكون كل من رئيس مجلس الوزراء و وزير الپێشمەرگە و وزير الداخلية اعضاء في المجلس).**

**المادة الثالثة:**

**هناك اكثر من رأي بين اعضاء اللجنتين:**

**الرأي الاول: وهو رأي الاقلية، الابقاء على مقدمة المادة فقط مع الغاء كافة فقرات المادة.**

**الرأي الثاني: وهو رأي الاكثرية، الابقاء على المادة كما وردت في اصل مشروع القانون.**

**هناك رأي ثالث وهو رأي فردي و يذهب الى الغاء المادة الثالثة.**

**المادة الرابعة:**

**لا توجد عليها ملاحظة سوى تغير تسلسل الفقرات بـ (1، 2، 3) بدلا من (اولا، ثانيا، ثالثا).**

**المادة الخامسة:**

**تقترح اللجنتان:**

**حذف الفقرتان (1و3) من المادة واعادة صياغة الفقرة (2) منها وتصبح متن المادة وبالشكل الآتي:**

**(ينظم المجلس اعمال وهيكلية المؤسسات الواردة اسماؤها في المادة الثانية من هذا القانون بقانون خاص).**

**هناك رأي بعض اعضاء لجنة الشؤون الداخلية باضافة مادة بالشكل الآتي:**

**(تحديد سقف زمني لتوحيد وكالة الحماية والمعلومات خلال مدة سنتان).**

**تقترح اللجنتان اضافة مواد بالتسلسل وبالشكل الآتي:**

**المادة السادسة: للمستشار اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة السابعة: لايعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.**

**المادة الثامنة: على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة التاسعة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .**

**الاسباب الموجبة**

**بغية اقامة وصياغة اسس أمن الاقليم واهدافه وبيان تشكيلات المجلس الخاص به وكيفية اداء مهامه، فقد شرع هذا القانون.**

**راجين التفضل بالأطلاع وعرض أصل المشروع وماورد في هذا التقرير بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب بصدده والتصويت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستاش وەكو خوێندرایەوە، ڕەئی لیژنەكانتان بیست، تكایە ماددەی یەكەم بخوێننەوە، پاشان لەسەر ماددەی یەكەم موناقەشە دەكرێتن، فەرموون.**

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە ئەسڵی پرۆژەكە:**

**ماددەی یەكەم:**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە بەو شێوەیەی كە لەبەرامبەریان روون كراوەتەوە:**

**1-هەرێم: هەرێمی كوردستان- عێراق.**

**2- سەرۆكی هەرێم: سەرۆكی هەرێمی كوردستان- عێراق.**

**3- ئەنجومەن: ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی كوردستان - عێراق.**

**4- راوێژكار: راوێژكاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم كوردستان - عێراق.**

**5- ئاسایشی هەرێم: پاراستنی هەرێمی كوردستان - عێراق لە هەڕەشەی دەرەكی و ناوەكی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە عەرەبیش كەرەم بكەن.**

**بەڕێز عمر حمدامين خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الأولى:**

**يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبينة ازاءها:**

**1- الاقليم: اقليم كوردستان – العراق .**

**2- رئيس الاقليم: رئيس اقليم كوردستان - العراق.**

**3- المجلس: مجلس امن اقليم كوردستان - العراق.**

**4- المستشار: مستشار امن اقليم كوردستان - العراق.**

**5- امن الاقليم: حماية اقليم كوردستان - العراق من التهديدات الخارجية والداخلية.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی هاوبەش رەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش، لەگەڵ دەقی ماددەکەین وهیچ مولاحەزەیەکی ئەوتۆمان نییە، تەنها ئیقلیم نەبێت تەعریف کراوە لە ماددەی یەك، لە دوو و سێ چوار دووبارە بۆتەوە، ئەو تیکرارەمان حەزف کردووە، ئەگینا لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی بێینە سەر ماددەی یەك، زەرورە قسە لەسەر ناوی مەشروعی قانونەکە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش هیچ مولاحەزەمان نییە لەسەر ناوی قانونەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ناوی قانونەکە قسە بکات؟ یەك کەس، دوان، کاك گۆران و ئامینە خان، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەناوی مەشروعەکە هاتووە بەناوی مەجلیسی ئەمنی ئیقلیمی کوردستان، من پێم باشە بکرێتە مەجلیسی ئەمنی قەومی ئیقلیمی کوردستان، ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیە لە رووی دەستوورییەوە رێگا نادرێت، ئەسڵەن مەجلیسی ئەمنی دەولەی عێراقی مولزەمە بە ئەمنی هەموو دەولەی عێراقی، لە رووی دەستوورییەوە هەرێمی کوردستان لە چەند قەومیاتێك پێك دێت و لە دەستووردا دانی پێدانراوە، لە نموونەی دەوڵەتی فیدراڵیەکان ئەمە وجودی هەیە، کەوا هەرێمەکان ئەمنیەتێکی تەواو بەخۆیان هەیە، بە قەومی خۆیان،

چونکە ئەگەر بێینە سەر مەهامەکانی هەیەتی، تایبەتە بە هەموو هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە بکرێتە مەجلیسی ئەمنی قەومی ئیقلیمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئامینە خان ناوەکەی سەحب کرد، لیژنەی هاوبەش ئەو پێشنیارە وەردەگرن، ئەگەر وەریناگرن دەیدەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ پێشنیارەکە نین، لەگەڵ دەقی ناوی قانونەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بیخوێنەوە تکایە، پێش ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانون رقم ( ) لسنة 2011

قانون مجلس آمن اقليم كوردستان – العراق

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (61) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (3) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی یەك فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکمان خوێندەوە، ئێمە مولاحەزەی خۆشماندا، هیچ مولاحەزەیەکی ئەوتۆمان نییە، تەنها ئیقلیم لەبەر ئەوەی تەعریف کراوە، بەنیسبەت دووەم و سێیەم و چوارەم دووبارە نەبێتەوە باشە، تەنها وشەی ئیقلیم بەکار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی یەك قسە بکات؟ ناوتان دەنووسین، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت موداخەلە بکەن، ڕێزداران (بشير خەليل، هاژە سليمان، بەفرين حسين، احمد وەرتی، شڤان احمد)، کەسی تر هەیە؟ کاك دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راپۆرتی هاوبەشدا هاتووە لە خاڵی دووەم رەئیس ئیقلیم دیسان تەعریف کراوە رەئیس ئیقلیمی کوردستان، لەگەڵ ئەوە لەگەڵ ئەوانی تر کوردستانەکەیان لاداوە، بەلاَم لە راپۆرتەکان ماوە لە عەرەبیەکە ماوە، ئەگەر لەوێش لایبەن، کەواتە موبەریری خاڵی دووەم چ دەمێنێ، یەعنی رەئیسی ئیقلیم بە چ تەعریف دەکرێت، هەر عەینی بە رەئیسی ئیقلیم، کەواتە ئەگەر بەشەکەی تری لێ لابرێت، کەواتە موبەریری خاڵی دووەم، واتا بۆ تەعریفی رەئیسی ئیقلیم نامێنێت، من رەئیم وایە کە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار هاژە سلیمان کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەکەم، من تەنها لە بڕگەی پێنجەم تێبینیەکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئاسایشی هەرێم، تەنها لە راپۆرتەکەی لیژنەی هاوبەشیش هاتووە وا تەعریف کراوە پاراستنی هەرێم لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوخۆ، من بە پێویستی دەزانم کەوا تەعریف بکرێت ئەنجومەنێکە بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکی، یەعنی وشەی ئەنجومەنەکە زیاد بکرێت، چونکە تەنها پاراستن مانایەك نادات بە ئاسایشەکە، ئەنجومەنێکە بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر ئەحمەد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ئەو تێبینیەم هەیە لەسەر دووبارە بوونەوەی هەرێمی کوردستان، پێموایە دووبارە بوونەوەی یەکجار لە هەرێم، هەرێمی کوردستان لە خاڵەکانی دیکە دووبارە نەبێتەوە، تەنها هەرێمی کوردستان، نەك هەرێمی کوردستانی عێراق، یەکجار بۆ پێناسە دووبارە بێتەوە، سەبارەت بە راوێژکار نووسراوە راوێژکاری ئاسایشی هەرێم، لەکاتێکدا لە ماددەی چوارەم دەڵێت ئەنجومەن راوێژکارێکی هەیە، کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت، سەرپەرشتی و بەڕێوەبردن و هەماهەنگی لەنێوان دەزگاکانی سەر بە ئەنجومەنەکە ئەنجام دەدات، واتا موستەشارەکە راوێژکاری ئەنجومەنەکەیە، نەك بەناوی راوێژکاری ئەمنی هەرێم، راوێژکاری ئاسایشی هەرێم نییە، راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، لە ئەسڵی پرۆژەكە باشە، من لەگەڵدامە، بەڵام لە خاڵی دووەم/ سەرۆكی هەرێم، سەرۆكی هەرێمی كوردستان، ئەو عێراقە بۆ خۆی زیادە، چەند جار دووبارە بۆتەوە لە هەرێم، هەرێمی كوردستان – عێراق كافیە، پێویست بە دووبارە بوونەوە ناكات، ئەوەی كاك دكتۆر ئەحمەد باسی كرد، منیش لەگەڵ ئەو رەئیەمە كە راوێژكار، راوێژكاری ئەنجومەنی ئاسایش بێتن، چونكە بەناوی ئەنجومەن هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بەفرین حسین خەلیفە كەرەم بكە.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە پێناسەی زاراوەكاندا پێناسەی هەرێم لەسەرەوە ماناو مەبەستەكەی دیاری كراوە، چونكە هەرێم، هەرێمی كوردستانی عێراقە، بەڵام لە بڕگەی دوو و سێدا جارێكی دیكە دووبارە بۆتەوە، بۆیە پێم باشە هەروەك لە لیژنەی هاوبەش و بەڕێزەكان ئاماژەیان پێ كردووە، تەنها وشەی هەرێم بمێنێتەوە، بەڵام لە بڕگەی دووەم كە باس لە سەرۆكی هەرێمەكە دەكات، سەرۆكی هەرێمی كوردستان با هەر بمێنێتەوە ئەوەیان، بەڵام لە سێ و چوار كیفایەتە با دووبارە نەبێتەوە، تەنها هەرێم بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی هەندێك برادەر ئیشارەتیان بەوەدا بەنیسبەت فەقەرە دوو (رئیس الاقلیم: رئیس الاقلیم) هەر بمێنێتەوە، ئێمە پێمانوایە رەئیسی ئیقلیم هەر دەبێت تەعریف بكرێت (رئیس اقلیم كوردستان – العراق)، ئەوە زەروریيە بمێنێتەوە، بەڵام بەنیسبەت سێ و چوار ئەگەر نەشمینێتەوە گرنگ نییە، لەبەر ئەوە لە فەقەرە یەك تەعریف كراوە، بەنیسبەت خاڵی دووەم كە دەڵێت موستەشار ئەمنی ئیقلیم، ئەگەر سەیری ئیشی موستەشارەكە بكەین، موستەشارەكە دەڵێت (یكون للمجلس مستشار یعیین من قبل رئیس الاقلیم بدرجة وزیر یشرف ویدیر وینسق بین المؤسسات التابعة للمجلس)، كەواتە دەوری تەنسیقی دەبینێت لەنێوان مەجلیس و ئەجهیزەی ئەمنی، بۆیە ئێمە پێمانوایە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە بەو گۆڕانكاریەی ئیقتیراحمان كردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆچوونێك هەبوو كە راوێژكار هی ئەنجومەنە، یان هی ئاسایشە، لەڕاستیدا راوێژكارەكە هی سەرۆكی هەرێمە، بۆچیە؟ بۆ كاروباری ئاسایشە، نەك ئەمە راوێژكارە، راوێژكاری ئەنجومەنەكەیە، بۆیە پێویستە وەكو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، كاك دكتۆر ئەحمەد نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی چوار دەڵێت ئەنجومەن راوێژكارێكی هەیە، واتا راوێژكارەكە هی ئەنجومەنەكەیە، نە راوێژكاری سەرۆكی هەرێمە، نە راوێژكاری ئەمنی ئیقلیمە، یەعنی پێموایە ئەمە تەناقوزە لەگەڵ پێناسەكەی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئاخیر صیاغەی ماددەی یەك بەم شێوەیە دەبێت:**

**المادة الأولى:**

**يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:**

**1- الاقليم: اقليم كوردستان – العراق .**

**2- رئيس الاقليم: رئيس اقليم كوردستان - العراق.**

**3- المجلس: مجلس امن الاقليم.**

**4- المستشار: مستشار امن الاقليم.**

**5- امن الاقليم: حماية الاقليم من التهديدات الخارجية والداخلية.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (55) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كەس دژ نییە، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ماددەی دووەم.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:**

**یەكەم: ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی كوردستان پێك دێت لە:**

1- دەزگای ئاسایشی هەرێم.

2- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازی.

3- ئاژانسی پاراستن و زانیاری.

دووەم: ئەنجومەن لەرێی رێکخستن و پلاندانانی سیاسەتێکی یەکخراوەیی تەناهییەوە هەماهەنگی لەنێوان سەرجەم دەزگا پەیوەندیدارەکان ساز دەکات و پەیوەستە بە سەرۆکی هەرێمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیش.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

اولاً: يشكل مجلس آمن اقليم كوردستان من:

1- مؤسسة امن الاقليم.

2- المديريات العامة للاستخبارات العسكرية.

3- وكالة الحماية والمعلومات.

ثانياً: يقوم المجلس عن تنظيم وتخطيط سياسة موحدة مسالة باحلال تنسيق بين كافة المؤسسات ذات العلاقة ويرتبط برئيس الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، ناویان دەنووسین، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت موداخەلە بکەن، رێزداران (گۆران ئازاد، عماد محمد، صباح بیت الله، شڤان احمد، جمال طاهر، حسن محمد، گوڵێزار قادر، احمد وەرتی، هاژە سلیمان، ئەڤین عمر، سۆزان شهاب)، کەسی تر هەیە؟ نییە، لیژنەی ناوخۆ رەئیەکیان هەیە، دەیانەوێت تەرحی بکەن، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە كۆبوونەوەی هەردوو لیژنەدا دوو رەئی هەبوو لەسەر ماددەی دووەم، دوو رەئیەكە بەو شێوەیە بوو:
دوو را لە نێوان ئەندامانی هەردوو لیژنەكەدا هەیە:

رای یەكەم: كە رای زۆرینەیە، پشتگیری لە ماددەكە دەكات وەك چۆن لە بنەچەی پرۆژەكەدا هاتووە، لەگەڵ پێشنیاری دارِشتنەوەی پێشەكیی ماددەكە بەم شێوەیەی دادێ:

(بەگوێرەی ئەم یاسایە ئەنجومەنێك بە ناوی (ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی كوردستان) پێك دەهێندرێت و بریتی دەبێت لە:)

رای دووەم: كە رای كەمینەیە، پێشنیار دەكات ئەنجومەن بریتی بێت لە (سەرۆكی هەرێم، سەرۆكی ئەنجومەن بێت و هەر یەك لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ ئەندام بن لە ئەنجومەنەكەدا).

ئەو دوو رەئیە موناقەشە كرا لەنێوان لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ، بەڵام رەئی زۆرینە لەگەڵ خاڵی یەكەم هی دووەمیان، كە رەئی كەمینە بوو لەسەر ئەو مەسەلەیە پێشنیاریان كرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز گۆران ئازاد كەرەم بكە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو بۆچوونم هەیە هەر لەسەر ئەوەی كاك ئیسماعیلیش گوتی، بەڕاستی ئێمە جارێكی تریش دەیڵێمەوە، ئەگەر ئەم موئەسەسەیە، موئەسەسەی ئەمنی هەرێمی كوردستانە، كە دەبوایە قەومیاتەكانیشی پێوە بوایە، دیسان دەگەڕێمەوە بۆ سەر مەهامەكانی، تەنها ئەمە كاری موخابەڕاتی و كۆكردنەوەی مەعلومات نییە، ئەمە ئەمنی غیزائی، ئەمنی مەتارات، ئاو، هەموو ئەم حاڵەتانەی دەچێتە بابی قەومیەوە پارێزگاری لێ دەكات، لە هەموو وڵاتانی دنیا، یەعنی پەرلەمان، ئەم مەجلیسانەی كە دروست دەبێت، راستەوخۆ سەر بە پەرلەمانە، بۆیە پێشنیاری یەكەمم ئەوەیە، كەوا راستەوخۆ ئەگەر سەر بە سەرۆكی هەرێمی كوردستانە، سەرۆكی حكومەت و سەرۆكی پەرلەمان و وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆ تیایدا ئەندام بن، راستەوخۆ بە سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە ببەسترێتەوە، خۆ ئەگەر ئەو رەئیە پەسند نەكرا، رەئی دووەم وەرگیرا، سەرۆكی حكومەت و ئەوانی تیایدا ئەندام نەبوون، پێشنیار دەكەم موستەشارێكی پەرلەمانی كوردستان تیایدا ئەندام بێت، چونكە دەكرێت تۆ هەموو ئەمنی قەومی ئەو هەرێمە تیایدا دارِێژراوەو پەرلەمان لێی بێ ئاگا بێت، تەنانەت نوێنەرێكیش لەناو ئەنجومەنەكەدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عماد محمد كەرەم بكە.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، پشتگیری ڕەئی یەکەم دەکەم، کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەو صیاغەی پێشنیار کراو بۆ بڕگەی یەکەم، بەلاّم لە بڕگەی یەکەم ژمارەی یەك هاتووە (مؤسسة آمن الاقليم)، لەجیاتی مۆئەسەسە ببێتە (جهاز آمن الاقليم)، لە بڕگەی دووەمیشدا (يقوم المجلس عن تنظيم)، (عن) ببێتە (بتنظيم)، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله کەرەم بکە.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی دوو، من هیچ مولاحەزەم نییە، تەنها فەقەرەی (ثانياً) بۆ صیاغە بێژیتن (يقوم المجلس عن تنظيم وتخطيط سياسية موحدة مسالة باحلال تنسيق بين كافة المؤسسات ذات العلاقة يرتبط برئيس الاقليم)، من پێم باشە ڤێ ڕەنگێ بێتە صیاغە کرن (يقوم المجلس بمهام تنظيم وتخطيط سياسة أمنية موحدة من خلال التنسيق بين كافة المؤسسات ذات العلاقة ويرتبط برئيس الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم وەکو خۆی بێت، بەلاّم لە بڕگەی دووەمدا، کە لە ئاخیری بڕگەی دووەمدا پەیوەستە بە سەرۆکی هەرێمەوە، ئەوە دەبێت عینوانی ماددەکە بێتن، ئەم هەیئەیە گرێ دراوە بە سەرۆکی هەرێمەوە، هەر لە یەکەم (ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە سەرۆکی هەرێمەوەو پێك دێت لە:) دەبێت عینوانی ماددەکە بێتن، زۆر بەقوەت تریش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جمال طاهر کەرەم بکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، خاڵی یەکەم (اولاً)، جارێ مەجلیسمان نییە، ئەگەر بێتو صیاغەکەی بخوێنیەوە، تەواو نییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم (يشكل مجلس للآمن في الاقليم ويتكون من:)، ئەوەلەن دادەمەزرێنن، پاشان دێن تەشکیلەکەی ئەوە دەکەن، چونکە ئەوە تشكيل کردنە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس هەر ئەوەلەنیش (يشكل بموجب هذا القانون مجلس آمن اقليم كوردستان)، ئەوە نووسراوە، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە لێرە یەعنی لوغەویەن نایەتێن (یشکل مجلس للآمن في الاقلیم ویتکون من:)، ئەمە یەك.

خاڵی دووەم، (ثانیاً) هەر تەواو نییە ئەسڵەن، ڕەبتەکەی ئاخیر شت هاتیە بە سەرۆكی هەرێمی دانایە، مەفروزە ئێمە پێشەکی بڵێین (ثانیاً: یرتبط المجلس برئیس الاقلیم ویقوم بوضع تخطیط سیاسة أمنیة موحدة مسالة............)، ڕەبتەکەی دیار بکەن، پاشان مەهامەکەی بۆ دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر حەسەن کەرەم بکە.

**بەڕێز د.حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو ڕەئیەم کە وەکو خۆی بمێنێت، چونکە ئێمە لە واقیعی حاڵدا هەرسێ موئەسەسەکەمان هەیە، موئەسەسەی ئەمنی ئیقلیمان هەیە، مودیریەی عامی ئیستیخباڕاتمان هەیە، وکالەی حیمایەو مەعلوماتمان هەیە، تەبیعی هەرسێ موئەسەسەکەمان هەیە، بۆیە بە ڕەئی من وەکو خۆی بمێنێتەوە ناوەکەی، تەنیا تێبینیەکی ترم هەبێت لەسەر ئەوەیە کە تەنها ئەو مەجلیسە بۆ ئەوە دروست بووە، بۆ ئەوەی تەنسیقێك لەنێوان ئەم موئەسەساتانە بکات وەکو ئێستا هەر یەکە بە جیا ئیش نەکات.

لەسەر خاڵی دوو، یەك تێبینیم هەیە، ئەویش ئەوەیە (یقوم المجلس بتنظیم وتخطیط سیاسة موحدة)، سیاسە موەحەدە بۆچی؟ بە ڕەئی من وشەی ئەمن لێرە نەفوسانە (یقوم المجلس بتنظیم وتخطیط سیاسة موحدة)، یەعنی لێرە وشەی ئەمنی پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گوڵێزار قادر کەرەم بکە.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو ڕەئیە دەکەم، کە (ئەنجومەن بریتی بێت لە سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی ئەنجومەن بێت و هەر یەك لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆ ئەندام بن و دەزگاکانی تر دوای ئەوەی یەکتر دەگرنەوە ببن بە ئەندام لەم ئەنجومەنەدا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر احمد وەرتی کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو ئیعتیبارەی کە ئەم ئەنجومەنە ئەنجومەنێکی گرنگەو مەهامی زۆری بۆ دانراوە بەڕاستی، وەکو کاك گۆران ئاماژەی پێدا، لەبەر ئەوە ئەو دامودەزگایانە لە رەئی دووەمی لیژنەی هاوبەشدا هاتووە بە ئیزافەی سەرۆکی پەرلەمان، من بە پێویستی دەزانم کە ئەندام بن لەو ئەنجومەنە، واتا بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(بەگوێرەی ئەم یاسایە ئەنجومەنێك بەناوی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێك دێت لەمانە، لە سەرۆکی هەرێم، وەك سەرۆکی ئەنجومەن و، هەر یەکە لە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆ ئەندام بن لە ئەنجومەنەکەدا)، هەروەك لە ماددەی پێنجەم لە رەئی هەندێك ئەندامان هاتووە، کە ماددەیەك بەم شێوەیە زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی کاتێکی دیاری کراو دەست نیشان بکرێت، بۆ یەکخستنی ئاژانسی پاراستن و زانیاری لە ماوەی دوو ساڵدا، یان لە ماوەی کەمتر، یان زیاتر، کە پەرلەمان لەسەری رێك بکەوێت، یەعنی دەزگایەکی وا گرنگ، بەڕاستی کە بە قانون تەنزیم دەکرێت، بە قانون رێك دەخرێت، پەرلەمان یاسای بۆ دەردەکات و سەر بە سەرۆکایەتی هەرێمە، من پێموایە پێویستە ئەم دەزگایانە کە دەزگای حزبین لە پێشدا یەك بگرنەوە، پاشان بخرێنە ناو موئەسەسەیەکی وا گەورەوە، رەنگە دوایی بە عەیب لەسەر قانونێکی پەرلەمان حیساب بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار هاژە سلیمان کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی ئەو ئەنجومەنە، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنێکە بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت، بۆیە بەڕاستی من بە پێویستی نازانم کە لە بڕگەی یەکەم/ خاڵی سێیەم (ئاژانسی پاراستن و زانیاری) لەناو ئەم ئەنجومەنەدا هەبن، چونکە ئەوەی ئاشکرایە، ئەو دوو دەزگایە سەر بە دوو حزبی دەسەڵاتدارن لە هەرێمدا، زۆر خەڵك هەیە لە ئیش و کارەکانیاندا رازی نین، بۆیە من بە پێویستی نازانم لەناو ئەم ئەنجومەندا ئاژانسی پاراستن و زانیاری هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئەڤین عمر کەرەم بکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من تەنها تۆزێك لەگەڵ داڕشتنەوە دایە، بۆیە دەڵێم (المادة الثانیة:

اولاً: یشكل المجلس لآمن اقلیم كوردستان ویضم كل من) هەرسێ موئەسەسەکان، هەڵبەتە من لەگەڵ رەئی یەکەمم، کەوا ئەو سێ موئەسەسەیە بێت، یان خەڵکی تر، یاخود دەزگای تری بۆ زیاد بکرێت.

**(ثانياً: يقوم المجلس بتنظيم وتخطيط سياسة موحدة)، نەك سياسيە (سياسة موحدة مسالة لامن الاقليم باحلال تنسيق بين كافة المؤسسات ذات العلاقة)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار سۆزان شهاب كەرەم بكە.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەبعەن ئەم ماددەی دووەمە دەبێت ڕێك بخرێتەوە، جارێ لە پێشەوە (يشكل مجلس امن اقليم كوردستان ويقوم بتنظيم وتخطيط ورسم الاستراتيجية الامنية وربط العلاقة والتنسيق بين كافة المؤسسات ذات العلاقة ويرتبط برئيس الاقليم) بێتە پێشەوە، ئەمە لە پێشدا باسی تەعريفی مەجليسەكە دەكرێت، ئينجا دوايی دەڵێت (ويتألف من:**

**اولاً: مؤسسة آمن الاقليم.**

**ثانياً: المديرية العامة للاستخبارات العسكرية.**

**ثالثاً: وكالة الحماية والمعلومات)، من بۆچی ئەمە دەڵێم؟ لەبەر ئەوەی جارێ لە (ثانياً)دا هەر ئەسڵەن ئەو ڕستەيەی كە دانراوە ڕستەيەكی لە ڕووی قەواعيديشەوە ئەوەندە هەڵەيە هەتا خوا دەڵێ بەسە، دەڵێت (يقوم المجلس عن تنظيم)، كەی شتی وا هەيە (عن تنظيم)، (يقوم المجلس بتنظيم وتخطيط) سياسيە موەحەدە شتی وا نييە، دەبێت (سياسة) بێت، دوای ئەوە سياسەی موساليم، كوا هەيە سياسەی موساليم، يەعنی ئەوان چ عيلاقەيەكيان هەيە بەسەر ئەوەوە، لەبەر ئەوە ئەمە هەر سەراپای ئەم تەعريفە هەڵەيە، تكايە ئەگەر تەعريفێكی قانونی بۆ دابنرێت، ئەويش بەم شێوەيە بێت (يقوم المجلس بتنظيم وتخطيط ورسم الاستراتيجية الامنية وتنسيق بين كافة المؤسسات ذات العلاقة ويرتبط برئيس الاقليم)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ليژنەی هاوبەش ڕەئيتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**زۆر مولاحەزات درا سەبارەت بەوەی كە ئەم مەجليسە لەجياتی ئەوەی سەرۆكی موئەسەساتی ئێمەی تێدا بێت، چ بەنيسبەت موخابەڕات، چ بەنيسبەت ئەمن، چ دەزگاكانی تر، لەجياتی ئەوەی سەرۆكی هەرێمی تێدا بێت، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيرانی تێدا بێت، وەزيری پێشمەرگەی تێدا بێت، هەروەها وەزيری ناوخۆی تێدا بێت، بەڕاستی ئێمە ئەو موناقەشەيەمان زۆر كرد، ئێمە پێمان وابوو بوونی ئەو جيهازەو ڕەبتی بە سەرۆكايەتی هەرێم تايبەتمەندی خۆی هەيە، خۆ ڕەئيسی هەرێم ڕەئيسی ئەعلای سوڵتەی تەنفيزييە، لەبەر ئەوە ئەم جيهازە تايبەتمەندی خۆی هەيە، بۆيە موئەسەساتی ئەم دەزگايانەی كە لە ماددەی دوو هاتووە، پێمان باش بوو ئەمانە نوێنەرەكانيان لەو ئەنجومەنەدا بن، نەوەك سەرۆكی هەرێم،**

چونکە خۆی ڕەبتە بە سەرۆکی هەرێم، چۆن دەبێت جیهازێك ڕەبت بێت بە سەرۆکی هەرێم و بە نوێنەرایەتی سەرۆکی هەرێم لەویٚ هەبێت، ئەمە لەلایەك.

لە لایەکی ترەوە، هەندێك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئیشارەتیان بەوەدا، کە ئەم مەجلیسە ئەندامێکی پەرلەمانی تێدا بێت، بەڕێزان، ئەمە ئەوەڵەن جیهازێکی ئەمنیەو جیهازێکی تەنفیزییە، ئەندامی پەرلەمان ئیشی جیاوازە لەگەڵ جبهازێکی ئەمنی تەنفیزی، هیچ عیلاقەیان بە یەکترییەوە نییە.

هەندێك مولاحەزاتی تر درا بەنیسبەت فەقەرەی دووی ماددەکە، ڕاستە لە ڕووی صیاغەوە هەندێك کەموکوڕی تێدایە، ئەگەر پێتان باش بێت من صیاغەکە دەخوێنمەوە، ئەگەر کۆی دەنگی لەسەر بوو، ئەوە دەدرێتە دەنگدانەوە، بەم شێوەیە:

(يشكل بموجب هذا القانون مجلس يسمى بـ(مجلس امن اقليم كوردستان) ويتكون من :

1-مؤسسة آمن الاقليم.

2- المديرية العامة للاستخبارات العسكرية.

3- وكالة الحماية والمعلومات.

ثانياً: يقوم المجلس بتنظيم وتخطيط سياسة أمنية موحدة مسالمة بأحلال تنسيق بين كافة المؤسسات ذات العلاقة ويرتبط برئيس الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیعتیرازم لەسەر نەصەکە هەیە (سياسة أمنية مسالمة) لە ڕووی قانونیەوە چیە؟ من دەمەوێت تێ بگەم (سياسة أمنية مسالمة) نییە لە دنیا، (سياسة أمنية)، لەبەر ئەوە من ئەمە دەنێرمە بەردەستی بەڕێزتان، ئەگەر پێتان باش بوو، ئەو صیغەیە دابنێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم ئەو صیاغە کۆتاییەی ئێستا خوێندرایەوە (يشكل بموجب هذا القانون مجلس يسمى بـ(مجلس آمن اقليم كوردستان) يربتط برئيس الاقليم)، بێتە سەریٚ، ئینجا بڵێین (ويتكون من: ) ئەوەی کە لە بڕگەی دووەم هاتووە (يربتط برئيس الاقليم) بینینە سەرەوە بڕگەی یەك، سەبارەت بە خاڵی یەك (مؤسسة امن الاقليم)، بکرێتە (جهاز امن الاقليم)، لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستا پرۆژەیەکمان

**لەبەردەستە لە خاڵی کۆتایی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بەناوی جیهاز هاتووە، با لەوێ تووشی ئیشکالیەت نەبین تەعاروزێك هەبێت لە بەینی ناوی ئەو دەزگایەو ئەوەی کە لێرە هاتووە، بکرێتە جهاز ئەمن ئیقلیم، سەبارەت بە ماددەی چوار، کە بڕگەیەك لەوێ باس دەکات، دیسان باسی تەشکیلاتی ئەو...........**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**هێشتا نەهاتینە سەر ماددەی چوار تکایە.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ماددەی چوارەم، کە باس لە تەشکیلات دەکات، ئەگەر بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، ئەویش هەوڵ بدەین، کە دەڵێت (سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە چەند کەسێك، یان دەزگای تر زیاد بکات بۆ تەشکیلاتی ئەو ئەنجومەنە)، ئەگەر ئەو بڕگەیەش بینینە ئێرە تەشکیلاتەکە لە یەك ماددە باس بکرێت و کۆبکرێتەوە بە چەند بڕگەیەك لە یەك ماددە، کە ماددەی دووە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر موقەدیمەی ماددەکە بەم شێوەیە بێت:**

**(یشکل بموجب هذا القانون مجلس یسمی بـ(مجلس آمن اقلیم کوردستان) ویرتبط برئیس الاقلیم ویتکون من)، ئینجا بێینە خوارێ، پاشان لە (ثانیاً: یقوم المجلس بتنظیم وتخطیط سیاسة أمنیة موحدة بأحلال تنسیق بین کافة المؤسسات ذات العلاقة).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، گشتی ماددەکە چۆن دەبێت؟**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**صیاغەکەی ئەخیر بەم شێوەیە:**

**یشکل بموجب هذا القانون مجلس یسمی بـ(مجلس امن اقلیم کوردستان) ویرتبط برئیس الاقلیم، ویتکون من:**

1- **مؤسسة آمن الاقلیم.**
2- **المدیریة العامة للاستخبارات العسکریة.**
3- **وکالة الحمایة والمعلومات.**

ثانياً: يقوم المجلس بتنظيم وتخطيط سياسة آمنية موحدة بأحلال تنسيق بين كافة المؤسسات ذات العلاقة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، دەیدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخیر صیاغە بەم شێوەیە:

المادە الثانیة:

یشکل بموجب هذا القانون مجلس یسمی بـ(مجلس امن اقلیم کوردستان) ویرتبط برئیس الاقلیم، ویتکون من:

1- مؤسسة آمن الاقلیم.

2- المدیریة العامة للاستخبارات العسکریة.

3- وکالة الحمایة والمعلومات.

ثانیاً: یقوم المجلس بتنظیم وتخطیط سیاسة أمنیة موحدة وأحلال تنسیق بین کافة المؤسسات ذات العلاقة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (57) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (4) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی سێ، فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ئامانجی لەم یاسایە بریتی یە لە بنیاتنان و داڕشتنی بنچینەکانی ئاسایشی هەرێم لە ڕێگای:

1- دابین کردنی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێم.

2- پاراستنی بنچینەو پرینسیپە دەستووری و یاساییەکانی هەرێم.

3- کۆکردنەوەو شیکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی هەر هەڕەشەیەك لەسەر ئاسایشی هەرێم.

4- گۆڕینەوەی زانیاری لەنێوان دەزگای تایبەتمەند لە هەرێم و حکومەتی فیدراڵ.

5-ئاڵوگۆڕی تۆمەتبارو تاوانباران و ڕادەستگیرکردنی دۆزەکانیان لەنێوان دەزگا تەناهیەکانی فیدراڵی و هەرێم بەگوێرەی میکانیزمێك، کە بە پەیڕەو ونیزام دیاری دەکرێت.

6- پاراستنی ئاسایشی ئابووری هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

7- پاراستنی ئاسایشی هەرێم لەبواری تاوانی سەخت، تاوانی ڕێکخراو، ماددەی هۆشبەر، ساختەکاری لە دراودا، گەندەڵی کارگێری و دارایی، شتنەوەی پارە بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.

8- پاراستنی سیستەمی زانیاری هەرێم.

9- نەهێشتنی تیرۆریزم بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.

10- نەهێشتنی سیخووری بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.

11-پاراستنی ئاسایشی گەیاندن.

12- پاراستنی ئاسایشی فرۆکەخانەو دەروازە سنوورییەکانی هەرێم.

13- هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ پاراستنی ئاسایشی کەسانی فەرمی لە کاتی پێویستدا.

14- بەدواداچوونی کاروباری پەنابەرو ئاوارەو ئەو بیانیانەی لە هەرێم نیشتەجێن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

15- پاراستنی ئاسایشی خۆراکی و تەندروستی لە هەرێمدا بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

16- پاراستنی ئاسایشی وزەو دەزگا ئاسایشەکان.

17- هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ پاراستنی ئاسایشی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان و نێردە دیبلۆماسییەکان و کونسولگەرییەکان لە هەرێم.

18- دابین کردنی ئاسایشی بارەگاو پێکهاتەکانی پێشمەرگەو کۆکردنەوی زانیارییەکانی هەواڵگری و مەیدانی و ستراتیژی و هەڵسەنگاندنیان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیش بخوێننەوە.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

هدف هذا القانون هو إقامة وصياغة أسس أمن الإقليم عن طريق:

1- ضمان الأمن والإستقرار في الأقليم.

2- حماية الأسس والمبادئ الدستورية والقانونية للإقليم.

3- جمع وتحليل المعلومات وتقييم أي تهديد لأمن الإقليم.

4- تبادل المعلومات بين المؤسسات المختصة في الإقليم والحكومة الإتحادية.

5- تبادل المتهمين والمجرمين وتسليم قضاياهم بين المؤسسات الأمنية والإتحادية ونظيراتها في الإقليم وفق آلية تحدد بنظام.

6- حماية الأمن الإقتصادي للإقليم بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

7- حماية أمن الإقليم في مجالات الجرائم الصعبة الشديدة والجرائم المنظمة وجرائم المواد المخدرة وتزوير النقود والفساد الإداري والمالي وغسيل الأموال وذلك وفق القوانين السارية في الإقليم.

8- حماية نظام المعلومات في الإقليم.

9- مكافحة الإرهاب وفق القوانين السارية في الإقليم.

10- مكافحة أعمال التجسس وفق القوانين المعمول بها في الإقليم.

11- حماية أمن الإتصالات.

12- حماية أمن المطارات والمنافذ الحدودية في الإقليم.

13- التنسيق مع الجهات ذات العلاقة لحماية أمن الشخصيات الرسمية لدى الحاجة.

14- التنسيق مع الجهات ذات العلاقة لمتابعة أمور اللاجئين والمشردين والأجانب المقيمين في الإقليم.

15- حماية الأمن الغذائي والصحي في الإقليم بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

16- حماية أمن الطاقة والمؤسسات الحياتية.

17- التنسيق مع الجهات المعنية لحماية أمن المنظمات الدولية والبعثات الدبلوماسية والقنصلية في الإقليم.

18- ضمان أمن مقرات وتشكيلات البيشمركة وجمع المعلومات المخابراتية والميدانية والإستراتيجية وتقييمها.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەسەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو زۆرینەی هەردوو لیژنە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، كە وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ڕەئی كەمینەش هەیە، كە دەڵێت تەنهاو تەنها موقەدیمەی ماددەكە بەسە، ئەوانی تر هەمووی لەغو بكرێت، ڕەئیەكی فەردیش هەیە دەڵێت ئەسڵەن هەر هەموو ماددەكە ئیلغا بكرێت، بۆیە ئێمە وەكو لیژنەی هاوبەش تەئیدی ئەوە دەكەین، كە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها لە بڕگەی دوازدە (پاراستنی ئاسایشی فڕۆكەخانەو دەروازە سنوورییەكانی هەرێم)، ئێمە وەكو لیژنەی هاوبەش ئەوەمان ئیزافە كردووە (بەنداوەكان و پاڵێوگاكانیش)ی بۆ ئیزافە بكرێت، ئەوەی تر وەكو خۆی، جگە لەو ڕەئیانەی كە كاك شێروان باسی كرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە جیهازی ئاسایشی ئیقلیم ئەوەمان زیاد كرد، لەوەی زیادمان نەكرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، کـێ دەیـەوێ قسـە بکـاتن؟ ئـەم ئەندامـە بەڕێزانـە دەیانـەوێت قسـە بکـەن، ڕێزداران (سۆزان شهاب، ئەڤین عمـر، هـاژە سـلیمان، بـەفرین حسـین، گـوڵێزار قـادر، خورشـید احمـد، حسـن محمد، تارا ئەسعەدی، پـەروین عبـدالرحمن، بێریڤـان سـەرهەنگ، کـاوە محمـد امـین، شـوان کـەریم، شۆڕش مەجید، شڤان احمد، عبدالسلام بەرواری، صباح بیت الله، محمد شـارەزووری، فـازل بەشـارەتی، گـۆران ئـازاد، دکتۆر بەشیر)، سۆزان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەم ماددەیە باس لەوە دەکات، کە ئەم قانونە ئوسس دادەنێت، ئوسس دادەنێت بۆچی؟ ئەم شتانەی هێناوەتـە خـوارەوە، جـارێ خـاڵی دووەم نابێـت لەوێـدا بێـت، ئـەوە ئیشـی ئـەو دەزگایـە نییـە، ئـەوە ئیشـی مـەحاکمی دەسـتوورییەو، پەرلـەمانیش، حیمایـەی مـەبادئی دەسـتووری دەکـات لەگـەڵ هـی قـانونی، ئیشـی دەزگای ئەمنی باڵایە، ستیراتیجی نییە، کە ئەم کارە بکات، لەبەر ئـەوە مـن داواکـارم ئـەوە لابـبرێـت، چـونکە ئەوە خەلەلێکی قانونییە.

لە خاڵی حەوتەمدا، جەرائیمی صەعبە نییە، جەرائیمی کوبڕای پێ دەڵێن.

لە خاڵی دوازدەدا، منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ (سدود ومصافي وابار النفط)، کە ئەوانە دەبێـت زیـاد بکرێن.

لە خاڵی چواردەدا، شتێك نییـە بـەناوی (المشـردین)ـەوە، شـتێك هەیـە بـەناوی (النـازحین)ـەوە (والاجانـب المقیمین)، موشەڕەد جیایە لـە نـازح، نـازح ئەوەیـە کـە دەردەکرێـت لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی تـر نـزوح دەکات ودێتە هەرێمی کوردستان، موشەڕەدیش بێ لایەنەیە، لەبەر ئەوە ئـەو موشـەڕەدینە ئەگـەر لابـبرێـت زۆر زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئەڤین عمر کەرەم بکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا من پشتگیری سۆزان خان دەکەم، کەوا خاڵی دووەم (حمایة الاسس والمبادئي الدستوریة)، کـاری ئـەم ئەنجومەنـە نییـە، یـاخود کـاری ئـەم دەزگایـە نییـە، بـەڵکو ئەمـە کـاری مـەحاکم و ئەنجومـەنی دادوەری و پەرلەمانە، وابزانم لێرەدا جێگای نییە.

مـن حـەز دەکـەم خـاڵێکی تـریش ئیزافـە بکرێـت، کـەوا حیمایـەی ئاسـارو مـەناتیقی ئەسـەرییە بکرێـت لـە کوردسـتاندا، ئـەویش یـەکێك بێـت لـە ئەرکـەکانی ئـەم دەزگایـە، هـەروەها ڕەئـی لیژنـەی هاوبـەش وابـزانم مەصافی نـەفتیان دانـاوە، وابـزانم مەصـافی نـەفت پێویسـت ناکـات لەلایـەن ئاسایشـەوە، یـاخود لەلایـەن ئـەم

دەزگایـەوە حیمایـەت بکرێـت، بـەڵکو ئابـارە نەفتـەکان گـرنگترە، کـەوا حیمایـە بکرێـت، هـەروەها وشـەی نـازحینیش پـێم خۆشـە لـە خـاڵی چـوارده وشـەی نـازحین زیـاد بکرێـت، چـونکە نـازحین ئـەو کەسـانە دەگرێتەوە، کە زیاتر لەملاو لەولاوە هاتوونە نیشتەجێی کوردستانن، پێویست دەکات ئەوانیش بکەونـە ژێـر ئـەوەی چـاودێری بکـرێن، یـاخود لەلایـەن ئاسایشـەوە ئـەو کەسـانە لێپێچـینەوەیان لەگەڵـدا بکرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار هاژە سلیمان کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من بە ئامانجێکی پێویستی دەزانم لەو ماددەیەدا تەسبیت بکرێت ئەوەیە، کە ئەم ئەنجومەنە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ئەستۆ بگرێت، وەکو ئامانجێـك لـەو خاڵانـەی کـە ئامـانجی ئەنجومەنەکەیـە زیاد بکرێت، واتا دابین کردنی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم.

هەروەها لەگەڵ هاوکارانم سۆزان خان و ئـەڤین خـان هـاوڕام بـەوەی کـەوا خـاڵی دووەم لێـرە ئیلغـا بکرێـت، چونکە جێگای ئێرە نییە، هـەر لـە خـاڵی حەوتەمـدا، مەسـەلەی تـاوانی سـەخت وەکـو ئـەوەی سـۆزان خـان ئیشارەتی پێ کرد تاوانی گەورە هەیە، بەڵام تاوانی سەخت نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بەفرین حسین کەرەم بکە.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئاماژەیان بە خاڵی حەوت کـرد لـەبواری تـاوان، کـە تـاوانی سـەختە، بـەڵام ئەمـە تـاوانی گەورەیـە، ئەوەی من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم بڕگەی نۆیەم و دەیەمە، کە باس لە نەهێشتنی دوو دیاردە دەکـات، تیرۆریزم لەگەڵ سیخوری، بەڕێزان، کە باس لە دیاردەیەك دەکرێت، یان کارێکی مەترسیدارە، کـارێکی زیـان بەخش دەکرێت، کەوا کاریگەری و مەترسی لەسەر ئەمن و ئاسایشی کۆمەڵگا هەیە، پێموایە لـە فەرهـەنگی هەموو ولاّتاندا شتێك نییە بەناوی نەهێشتنی، یان بەناوی بنبڕکردن، بەڵکو دەکرێت لەجیاتی نەهێشتنەکە باس لەوە بکرێت، کە بەرەنگار ببێتەوە، بۆیە پێم باشە نەهێشتنی تیرۆریزم بکرێت بە بەرەنگاربوونـەوەی تیرۆریزم، نەهێشتنی سیخوریش بکرێتە بەرەنگاربوونەوەی سیخوری، چونکە شتێك نییە بەناوی نەهێشتن بێت، شتێك نییە لە دەوڵـەتان بـەناوی نەهێشـتن بێـت، بـەڵکو دەکرێـت بـە بەرەنگاربوونـەوە، هـەروەك لـە یاسای تیرۆریشدا خۆمان هەمانە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، نەك نەهێشتنی تیرۆر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزار گوڵێزار قادر کەرەم بکە.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی سێیەم لە خاڵی حەوتەم/ (پاراستنی ئاسایشی هەرێم لەبواری تاوانی سەخت، تاوانی ڕێکخراو، مادده هۆشبەرەکان)، لێرەدا من پێشنیار دەکەم، لەبەر ئەوەی ئێمە پرۆژە یاسایەك هاتە پەرلەمان بە زۆرینەی دەنگ ڕەت کرایەوە، پرۆژە یاسای لەشفرۆشی، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم لێرە ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت لەشفرۆش و لەشکڕ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار خورشید احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی حەوتەم (حمایة امن الاقلیم في مجالات الجرائم الصعبة الکبری والجرائم المنظمة)، لێرة (وتزویر النقود)، نابێت تۆ تەوزیری نەقود بێت، چونکە تەوزیری عوملە، عیبارەکە باشترە لەوەی نقود بێت (العملة) یان (العملات)، ئەوە یەك.

دوو/ خاڵی یازدەو دوازدە، تۆ نابێت خاڵی یازدەو دوازدە بە دوو خاڵ بێت (حمایة امن الاتصالات والمطارات والمنافذ الحدودیة في الاقلیم)، یەعنی یازدەو دوازدە بۆ؟ هەر بە یەك خاڵ هەردوو بڕگە، بە یەك تەعبیر (حمایة امن الاتصالات والمطارات والمنافذ الحدودیة في الاقلیم).

خاڵی هەژدەم، (ضمان امن المقرات وتشکیلات البێشمرگە)، من لێرە تێناگەم، خۆ پێشمەرگە هێزێکی چەکدارە، یەعنی ئەمنیەتی پێشمەرگە، بۆ پێشمەرگە خۆی مەسەلەن لێرە، ئەگەر پێویستیش بێت، ئەوەی دووەمی لەگەڵە (وجمع المعلومات المخابراتیة والمیدانیة والاستراتیجیة وتقییمها)، ئەم خاڵە زۆر گرنگە، ئەمە نازانم چ ڕەبتی بە حیمایەتی مەقەرات هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەنگە هەر بۆ روون کردنەوە ئیستیخباڕاتی عەسکەری کە لەناو پێشمەرگەیە بەو ئیشە هەڵدەستێت، زۆر تەبیعییە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەرکێکی گرنگی ئەو دەزگایە (جمع المعلومات المخابراتیة والمیدانیة والاستراتیجیة وتقییمها)، لەگەڵ حیمایەتی مەقەراتی پێشمەرگە چ ڕەتبێکی هەیە لەگەڵی؟ دەبوایە خاڵێکی جیا بوایە، چونکە ئەرکێکی سەرەکی ئەم دەزگایەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر حەسەن کەرەم بکە.**

**بەڕێز د.حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ ئەوەم خاڵەکانی ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێت، لەگەڵ ئیزافە کردنی یەك مەهامی تر، کە بەڕاستی یەکێك لە مەهامە گرنگەکانی ئەو مەجلیسە دیراسەو تەقیمە بۆ ئەحداس، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئیزافەی ئەو فەقەرەیە بکرێت، (دراسة وتقييم الاحداث والتطورات والظواهر المهمة السياسية والاقتصادية والامنية والعسكرية والاجتماعية الداخلية والخارجية مما له تأثير مباشر على آمن الاقليم)، سوپاس**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، یەك شت بۆتان روون بێت، ئەم مەجلیسە خۆی ناچێت ئەو ئیشە بکات، سیاسەتە عامەکەیان بۆدانا، ئەوان بەپێی ئەو سیاسەتە ئیشەکان دەکەن، نەك وەڵامی جەنابتە، بۆ عامە، یەعنی مەبەستم عامە، لەبەرچاو بێتن، زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی کەرەم بکە.**

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش لە ماددەی سێیەم بەڕاستی هەدەفی ئەو قانونە چیە؟ (وضع اسس آمن الاقليم)، کە یەکجار لە سەرەتا نووسرا ئەمنی ئیقلیم، ئیتر پیای هاتوونەتە خوارێ، رەنگە بڵێم چەند جار باس کراوە، ئەوەندە جارە ئیقلیم جارێکی تر باس کراوە، بە رەئی من زۆری لەوانەی کە پێویست ناکات باسی ئیقلیم دووبارە بێتەوە لابرێت، تەنها چوارەم و پێنجەم نەبێت، کە پیشاندانی نێوان ئیقلیم و ئیتحادییە، یەعنی ئەو خاڵانەی کەلەنێوان ئیقلیم و ئیتیحادییە، ئیقلیمەکە بمێنێت، ما بەقیەکە دیارە ئوسسی ئەمنە لە ئیقلیم لە بیدایەت باس کراوە.**

**دووەم شت لە خاڵی حەوتەم (حماية امن الاقليم في مجالات الجرائم الصعبة الشديدة)، لەناو قانون لوغەیەك نییە بە جەرائیمی سەعبە، یان شەدیدە، (الجرائم المعقدة في تحقيقها)، یان (الجرائم الخطيرة)، بەو شێوەیە پیشان بدرێت، بەعنی بەڕاستی نازانم ئەو ئسلوبە لە یاسا، وابزانم بەشی یاسایی دەتوانن وەڵام بدەنەوە، من ئەوەم نەدیوە بەو شکلە.**

**سێیەم شت هەر لەلای خۆم نووسیبووم بەڕاستی حیمایەی ئاسار، پێش من هاوکارەکەم وتی و پشتگیری لێ دەکەم، حیمایەتی ئاسار لە زۆر وڵاتان ئەمنی قەومی، یان ئەمن بەشێوەیەکی گشتی زۆر زۆر گرنگە، کە ئەوانە بپارێزێت، نموونەشمان هەیە لە وڵاتی میسرو ئەوانە زۆری توانیان و نەدزرێت لەگەڵ ئەو بەزم و هەرایەی لە وڵاتەکەشیان روویدا، واتا حیمایەتی ئاسار شتێکی گرنگە.**

**لە خاڵی دوازدەش، کە باس دەکات (السدود والمصافي والمنشأت النفطية) بۆی ئیزافە بکرێت.**

له خاڵی هەژدەم و ئەخیر (ضمان امن المقرات وتشكيلات البيّشمرگه وجمع المعلومات المخابراتية والميدانية والاستراتيجية)، لێرەدا چیە (الاستراتيجية)؟ چیە ئیزافە کراوە، هەر دیباجەی جوانی عامی ستیراتیجیەتی وڵات و ئیقلیمەکە، یان چیە ئیستیراتیجیە؟ بۆم روون بکرێتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پەروین عبدالرحمن کەرەم بکە.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە لە خاڵی دووەم وەکو سۆزان خان و ئەوان فەرموویان ئەمانە مەبادیئی دەستوورین، پەیوەندییان بە مەحاکم و پەرلەمانەوە هەیە، عیلاقەی بە ئەمن و ئاسایشەوە نییە، هەروەها سەبارەت بە خاڵی دوازدەم پاراستنی ئاسایشی فرۆکەخانەکان و دەروازە سنوورییەکانی هەرێم، هەروەها شوێنەوارە دێرینەکان و بیرە نەوتیەکانی لەگەڵدا بێت، چونکە لە هەندێك وڵات ئەمنی ناوخۆ دەیپارێزێت.
هەروەها سەبارەت بە خاڵی هەژدەم، لێرەدا تێکەڵاو کردنی ئیشەکانە، پێویستی بە جیاکاری هەیە، من پێشنیار دەکەم خاڵێکی تر زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە، هەماهەنگی ئاسایش لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، وەکو تەندروستی و ژینگە، بۆ رووبەڕوو بوونەوەی کارەساتە سروشتیەکان، چونکە ئەم کارەساتانە زۆر جار سەخت دەبن، زۆر توند دەبێت وا دەکات وڵات تووشی کۆچبەری بێتەوەو خەڵکێکی زۆر لەناو بچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بێریڤان سەرهەنگ کەرەم بکە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێیەمدا لە بڕگەی حەوتەم نووسراوە پاراستنی ئاسایشی هەرێم لە بواری تاوانی سەخت و تاوانی رێکخراو و چەند نموونەیەکیش هێنراوە بۆ ئەو تاوانانە، بە رەئی من لەو بڕگەیەدا پێویست ناکات ناوی چەند نموونەیەك بهێنرێت، بەڵکو ئەوەندە بەسە بگوترێت ئاسایشی هەرێم لە بواری تاوانی سەخت و رێکخراو، ئەگەر ئێمە باسی ماددەی هۆشبەر بکەین، ئەوە یاسای خۆی هەیەو سزای خۆی هەیە، بۆ ئەو کەسە دەرناکەوێت ئاسایش بەرپرسە، یان پۆلیس، بۆیە ئەگەر بنووسرێت بە هەماهەنگی دامودەزگای پۆلیس بۆ ئاسایشی هەرێم پێویستە، ئایا لێرەدا ئیشی پۆلیس چیە؟
هەروەها لە زۆر وڵاتان ئاسایشی وڵات، پاراستنی ئاساریش لە ئەستۆیەتی، بۆیە ئەگەر ئەوەش ئیزافە بکرێت و بدرێتە ئەو دەستەیە، یان ئەو ئەنجومەنە، بۆ پاراستنی ئاسار لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاوە محمد امین کەرەم بکە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی نۆ لە ماددەی سێیەم، کە دەڵێت نەهێشتنی تیرۆریستی بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم، من پێموایە تیرۆریزم موستەلەحێکی سیاسیە، تاکو تیرۆر لە دنیادا مابێت ئەو موستەلەحە هەر دەمێنێت، ئێمە ناتوانین لەناوی ببەین، بەلاّم دەکرێت بکرێتە نەهێشتنی کردەوەی تیرۆریستی، یان تیرۆر، چونکە لێرە تیرۆریزم موستەلەحێکی سیاسییە، کردار نییە، ڕەفتار نییە، لێرەدا دەتوانین بیکەینە نەهێشتنی کردەوەی تیرۆریستی، یان تیرۆر بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.

تێبینی دووەمم، من پشتگیری هاوکارم کاك حاجی خورشید دەکەم، بڕگەی یازدەو دوازدە یەك بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شوان کەریم کەرەم بکە.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی سێیەمەوە، من دوو، سێ تێبینی و بۆچوونم هەیە، سەرەتا لەگەڵ ڕەئی یەکەمم کە تەنیا پێشەکی ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، بەلاّم ئەگەر مایەوەش دەبێت چاك کردنێکی تیا بکرێت، کە لەسەرەتای ماددەکان دەڵێت ئامانج لەم یاسایە، لەڕاستیدا ئامانج لە پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم، دەبێت ئەوە لەوێ تەوزیح بکرێت، چونکە ئەسڵی یاساکە بۆ ڕێکخستنی ئیشی شوێنێك نییە، بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێکەو، دوایی وردەکاری لە ماددەکانی تردا هاتووە، دەبێت بوترێت ئامانج لە پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم بریتیە لە بنیاتنان و داڕشتنی بنچینەکانی ئاسایشی هەرێم)، تەواو، ئەگەر ڕەئی دووەم سەری گرت، بە ڕەئی من دەبێت هەمان گۆڕانکاری تیا بکرێت، جگە لەوە، بەڕێزتان ڕوون کردنەوەیەکتاندا، کە هەندێك لە خوشك وبرایان بە هەڵە بە مەبەستی ئەو ماددەیە تێگەیشتوون لە داڕشتنەکەدا هەم چ عەرەبیەکەی، هەم چ کوردیەکەی بە ڕەئی من هەڵەیەکی تیایە، من ئەسڵەکەی دەخوێنمەوە کە دەڵێت ئامانج لەم یاسایەدا بریتیە لە بنیاتنان و داڕشتنی بنچینەکانی ئاسایشی هەرێم لە ڕێگا)، کە عەرەبیەکەی دەڵێت (عن طريق)، من پێموایە ئەمە بە هەڵە تێپەڕیوەو دانراوە، بە ڕەئی من، بۆ ئەوەی ئەو هەڵە تێگەیشتنەش نەبێت لە خودی ماددەکە، دەبێت بگوترێت بە مەبەستی، بە عەرەبیەکەی (بغية)، یەعنی بە عەرەبیەکەی وای لێ دێت (هدف هذا القانون هو اقامة وصياغة اسس امن الاقليم بغية)، بە مەبەستی (1، 2، 3، 4) (عن طريق) فیعلەکە، یەعنی ئەم هەیئەیە بەڕاستی دەزگاکانی سەر بەم ئەنجومەنە ئەرکەکانیان ئەوەیە، بنچینەکانی ئاسایشی هەرێم بنیات دەنێت، بۆچی بنیاتی دەنێت؟ بە

مەبەستی دابین کردنی (1، 2، 3، 4)، لەبەر ئەوە بەڕاستی دەبێت (لە ڕێگای) بکرێت (بە مەبەستێ)، ئەگەر دووەم بوو، هەروەها (عن طريق) دەبێت بکرێت بە (بغية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شۆڕش سید مەجید کەرەم بکە.

**بەڕێز شۆڕش مجيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شفان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شفان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چوار تێبینیم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، لە عینوانی ماددەکە مولاحەزەم کرد زۆر تیکرار بووە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، من پێم باشە وەکو لە دەقە کوردیەکە هاتووە، ئامانج لەم یاسایە بریتیە لە بنیاتنان و دارشتنی بنچینەکانی ئاسایشی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، لێرە بۆ ئەوەی ئەوەی تر هەمووی لا ببەین، بۆ کورت کردنەوە، لە ڕێگای، ئەوە وەکو خۆی بێتە خوارێ، لەبەر ئەهمیەتی بڕگەی نۆ ببێتە بڕگەی چوار، نەهێشتنی تیرۆریزم، ئەو نەهێشتنە ببێتە بەرەنگاربوونەوە، نەهێشتن تەقریبەن مەسەلەیەکی موستەحیلە، ببێتە بەرەنگاربوونەوە، یەعنی موکافەحە، تیرۆریزمیش ببێتە تیرۆر، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەو شێوەیە بێتن.

لە بڕگەی حەوتدا شتێك هاتووە، من دەبینم جێی ئێرە نییە، جێی ئەو قانونە نییە، قانونێك چەند رۆژێك ئەوەمان کرد بڕگەی حەوت لە ناوەڕاستەکەیدا هاتووە گەندەڵی کارگێڕی و دارایی، حەقیقەتەن ئەمە ئیشی ئەم یاسایە نییە، ئێمە لە قانونی نەزاهە ئیزافەمان کرد، من لێرە بەپێویستی نازانم، دووەمیش تیکرار بۆتەوە لە جیهازی ئاسایش، کە هێشتا موناقەشەمان نەکردووە.

تێبینی چوارەمم، بڕگەکانی دوازدەو چواردەو پازدەو شازدەو هەڤدە، ئەوانە تیکرارن لەگەڵ جیهازی ئاسایش، ئەگەر لێرە تەسبیت بکەین، پێویست ناکات لەوێ هەبێتن، ئەگەر لێرە لابدەین، ئەوە پێویستە لەوێ هەبێتن، هەمان ئەو مەهام و ئەرکانە هەنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگـەڵ ئـەو خوشـك و برایانەمـە كـە باسـی سـەرەتای ماددەكـەیان كـرد، بەڕاسـتی ئـەم یاسـایە پێناسـەی ئەنجومەنێك دەكات، بۆیە ئامانج لە دەركردنی ئەم یاسایە ئەوەیە بەنیسبەت ماددەی سێیەم دیاری كردنـی ئەركەكانی ئەم ئەنجومەنەیە، بۆیە داوا لە لیژنەی یاسـایی دەكـەم، ئەمـە بەهەنـد وەربگـرن و بـزانن چۆن صـیاغەی دەكـەن، ئەركـە سـەرەكیەكانی ئەنجومـەن بـریتین لـە بنیاتنـان و داڕشـتنی بنچـینەكانی ئاسایشـی هەرێم، ئەویش بە ڕێگای، یان وەكو بـە هـەر شـێوەیەك بێـت، ئـەوە یەكـەمین تێبـینی مـن، چونكە یاسـاكە باسی داڕشتنی بنچینەكانی ناكات، بەڵكو یاساكە ئەنجومەن دادەمەزرێنێ.

دووەمیان/ ئەگەر ئێمە بزانین ئەم ئەنجومەنە پێكهاتووە، یان ئیشـی سـێ دەزگـای تـر سەرپەرشـتی ئیشـیان دەكات، واتا ئەركەكانی ئەو سێ دەزگایە دەبێت لە یاسایەكی تایبەت بە دەزگاكە دیـاری بكرێـت، بـۆ نموونـە ئەنجومەن هەڵناستێت ئاڵوگۆڕكردنی تۆمەتبارو تاوانەكان و رادەستی دەزگاكان، ئەمە یەك لە دەزگاكانی تر دەكات، بۆیە دەبێت بیر بكەینەوە لـەو هـەژدە خاڵـە، ئەگـەر هاوكـاریم بكـەن تـەنها ئیشـارەتیان بكـەین، بـە تەسەوری من بەپێی موقدیمەكە ئەركەكانی ئەنجومەن بریتین لە:

1-دابین كردنی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێم.

2- دەمینێت، هەرچەندە رەئی سۆزان خان راستە.

4- دەمێنێت بە رەئی من.

6- كە پاراستنی ئاسایشی ئابوورییە.

8- پاراستنی سیستەمی زانیارییە.

11- پاراستنی ئاسایشی گەیاندنە.

16- پاراستنی ئاسایشی وزە.

تەنها بە رەئی من ئەوەیە، بۆ؟ بۆ نموونە سێیەم/ كۆكردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی هەر هەڕەشەیەك لەسەر ئاسایشی هەرێم، من ناڵێم گرنگ نییە، بەڵام ئەوە ئیشی دەزگای ئاسایشە.

پێنجەم، ئاڵوگۆڕ كردنی تۆمەتبار............ هەتا ئەخیر، ئیشی دەزگایەو پۆلیسە.

حەوتەم، پاراستنی ئاسایشی هەرێم و ئەو دەزگایە پۆلیسـە، هـەروەها لـەوەی ئاسایشـی ئـابووری لـە شەشـەم هاتووە.

نۆیەم و دەیەم، راستە گرنگن، بەڵام ئەگەر تەماشای یەكەم بكەین دابین كردنی ئاسایش و سـەقامگیری خـۆ لە زیمنی ئەو موحاسەبەی تیرۆرە.

ئەگەر تەماشای خاڵی دوازدەم بكەین، خاڵی سێزدەم بكەین، چواردەم و حەڤدەم بكەین، هـەمووی تەفسـیلن بۆ ماددەی یەكەم.

خاڵی پازدەم/ پاراستنی ئاسایشی خۆراكی و تەندروستی لە هەرێمدا، ئەمە لە شەشەم هـاتووە، كـە ئاسایشـی ئابوورییە، بۆیە تكا دەكەم تاكو قسەكەم تەواو بكەن، من بە پێویستی دەزانم موقەدیمەكە بگۆڕدرێت و (1،

2، 4، 6، 8، 11، 16) بمێنن، ئەوانی تر هەمووی ئەگەر تەماشا بکەین، باسی ئەرکی دەزگاکانی تر دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، صباح بیت الله کەرەم بکە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی سێ، خاڵی حەوت بێژت (حماية امن الاقليم في مجالات الجرائم الصعبة الشديدة)، بە رەئی من ببێتە (في مجالات الجرائم الخطيرة).

لە ماددەی دە بێژیت (مكافحة اعمال التجسس وفق القوانين المعمول بها في الاقليم) بە رەئیا من ببێتە (وفق القوانين النافذة في الاقليم).

لە ماددەی شازدە (حماية امن الطاقة والمؤسسات الحياتية)، بە رەئیا من ببێتە (حماية امن الطاقة والمؤسسات الحيوية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار محمد شارەزووری کەرەم بکە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا تێبینیەکم هەیە لەسەر دارشتنەوەی پێشەکی ماددەکە، ئامانج لەم یاسایە بریتیە لە بنیاتنان و دارشتنی بنچینەکانی ئاسایشی هەرێم، من پێشنیار دەکەم بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت کە گەلی کوردستان باوەڕی پێیەتی بۆ جێ بەجێ کردنی، بۆی زیاد بکرێت، لەبەر دوو هۆ:

یەك/ لەناو هەندێ خاڵی ماددەکە باسی ئاڵوگۆڕی تۆمەتبار دەکات.

دوو/ ئەگەر سەرنج بدەین لە دەزگای ئاسایشدا، لە ئەسبابی موجیبەی دەزگای ئاسایش، ئیشارەتی بە پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت داوە، ئەوە یەك.

سەبارەت بە خاڵی دوازدەش، من پێشنیار دەکەم کە پاراستنی ئاسایش و فڕۆکەخانەکان و دەروازە سنووریەکان و بەنداوەکان و شوێنەوارەکانیشی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار فازل بەشارەتی کەرەم بکە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو، سێ مولاحەزەم هەیە، یەکێکیان/ ئەوەی بەفرین خان باسی کرد مەلەسەی نەهێشتنی تیرۆریزم، ئەوە من بەسەریدا ناچمەوە، هەرچەندە بەڕاستی ئەوەی من تێبینی دەکەم ناوەڕۆکی ئەو پرۆژە یاسایە

زۆر گەورەیە، بەڵام بە بۆچوونی من، بە بیرکردنەوەی من، بە بچووکی دەبینم لەناو پرۆژە یاساکەدا، چونکە بەڕاستی ناوەڕۆکی ئەو پرۆژە یاسایە هەر هەمووی تەعبیر لە ئەمنیەتی وڵات، با بڵێین ئەمنی قەومی وڵات دەکات، بۆیە بە حەقیقەت من وا بیر دەکەمەوە، کە ناوەڕۆکەکەی بچووك کراوەتەوە.

بەڵام تێبینیم لەسەر خاڵی دوازدە هەیە، دەڵێت پاراستنی فڕۆکەخانەکان و دەروازە سنووریەکانی هەرێم، یەعنی بە رەئی من ئەمە بکرێتە دوو خاڵی جیاواز، چونکە بەڕاستی ئەمە زۆر لە یەك دوورن، فرۆکەخانەکان و سنوورییەکان، یەعنی بەڕاستی زۆربەی مەشاکیلی ئێمە لە سنوورەکانەوە دروست دەبێت، مەسەلەی خۆراکە، مەسەلەی تەداخولاتی موخابەڕاتی ئیقلیمییە، زۆر مەشاکیلی تر لە سنوورەوەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەمە بکرێتە دوو خاڵی جیاواز.

لە خاڵێکی تر، کە من پێشنیار دەکەم ئەمە ئیزافە بکرێت، دەڵێت زانیارییەکانی هەواڵگری و مەیدانی و ستیراتیجی هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، من لێرە پێشنیار دەکەم کە خاڵێك ئیزافە بکرێت، ئەویش پاراستنی دەستکەوتەکانی بەدەستهاتووە، چونکە لە هەموو پرۆژەکانی من خوێندمەوە ئەو خاڵەی تێدا نەبوو، بە بڕوای من لەو فەترەیەی کە خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان دروست بوو، ئەوەی کە تێبینیمان کرد، خاڵێك نەمایەوە کە تەجاوزاتی ناشەرعی و نامەشروع نەکرێتە سەری، لەگەڵ پاریزگاری کردنەکانی تری، بۆیە من پێشنیار دەکەم خاڵێك ئیزافە بکرێت بە پارێزگاری کردنی دەستکەوتەکانی وەدەستهاتوو لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار گۆران ئازاد کەرەم بکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا لە تێبینیەکەوە هەمە دەست پێ دەکەم، پێموایە دەبوایە لیژنەی مەعنی، لیژنەی یاسایی و ناوخۆ سەرەتا بەر لەوەی دەست بە گفتوگۆیەکان بکەن پێشنیاری ئەوەیان کردبا موناقەشەی دەزگای ئاسایشمان کرد بوایە، ئینجا ئەنجومەنەکە، چونکە بەشێك لەو مەهام و کارانەیان لە دەزگاکە هاتووە، بۆیە لێرە تووشی گرفت بووین لە دووبارە کردنەوەو ئەو موناقەشە زیادەی لێرە پێوەی سەرقالین، من پشتیوانی رەئیەکەی کاك محمد دەکەم لە دانانی پێشەکیەکە، کە دەڵێت ئەو ئوسس دادەنێت بۆ ئەو بنەمایانەی خوارەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ماددەی دووەم، یەکەمی پرۆژە یاساکەی دەزگای ئاسایش، دەڵێت دەزگای ئاسایش مولزەمە بە پاراستنی ئازادی گشتی و تایبەتی و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، بۆیە پێشنیار دەکەم کەوا دانانی ئەم صیاغەیەی ئەو بنەمایانەی کە لە خوارەوە هاتووە لەسەر بنەمای ئازادی گشتی و تایبەتی و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بێت، ئەمە یەك.

دوو/ ئەم هەموو خاڵەی کە هاتووە نزیکەی هەژدە خاڵە، لە هەندێك شوێندا کە دەیخوێنیەوە چۆتە زۆر جوزئیاتەوە، وا دەخوێندرێتەوە کە ئەمە عەلا سەبیلی حەصر هاتووە، لەوانەیە بەیانی حاڵەتێك بێتە

پێشەوە پێویستی بە دانانی ئوسس بێت، لەم حاڵەتەدا تیای نەبێت، بۆیە من پشتیوانی رەئیەکەی کاك عبدالسلام دەکەم، کە تەنها ئەو برگانەی تیا هەڵبگیرێت کە لە شێوەی چوارچێوەیەکدا بۆ حاڵەتی ئەمنی هەرێمی کوردستان، نەك ئەم هەموو وردەکارییەی تیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر بەشیر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە رەئی کاك گۆران دەکەم، بەڕاستی دەبوایە ئێمە یەکەم جار گفتوگۆی پرۆژە یاسای دەزگای ئاسایشمان بکرد بوایە، چونکە زۆر لە مەهامەکانی............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە رۆیی، ئێستا لە ماددەی سێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە سیاسەتی عامی ئەم دەزگایە دەست نیشان دەکات، بۆیە سیاسەتی عام لەگەڵ ئەم هەموو تەفسیلە رێك ناکەوێت، تۆ لێرە باسی هەژدە خاڵ دەکەیت، هەژدە خاڵ زۆر بە موفەسەل باس کراوە، پێویست بەوە دەکات کەم بکرێتەوە، بۆیە بۆ نموونە خاڵەکانی (9، 10، 11) بەلای منەوە ئەوانە یاسای تایبەت هەیە ئەمانە رێك دەخات، ئەگەر بمێنێت ئەمانە لە یەك خاڵ کۆبکرێتەوە، بەبێ ئەوەی لە سێ خاڵ کۆبکرێتەوە، خاڵی سێزدەو حەڤدە، ئەم دوو خاڵە زۆر لە یەك نزیکن، دەکرا ئەمانە لێك بدرێت، لە خاڵی چواردە باسی بەدواداچوونی کاروباری پەنابەر دەکات، ئایا ئەمە قانونی پەنابەرمان هەیە لە کوردستان؟ یەعنی کوردستان دەتوانێت پەنابەر وەربگرێت؟ یەعنی کار بە پەنابەر بکات، ئێمە تەنها ئاوارەمان هەیە، نەك پەنابەر، بۆیە ئەگەر ئەمە پێداچوونەوەیەکی بۆ بکرێت، باشە.
لە خاڵی شازدەمدا/ پاراستنی ئاسایشی وزەو دەزگای ژیارییەکان، ئایا دەزگا ژیارییەکان پاراستنی ئاو دەگرێتەوە؟چونکە بەخۆتان دەزانن ئاو ئەمرۆ بەڕاستی پێداویستیەکی گرنگە، لەسەر ئاستی جیهانیشدا زۆر لە زانایان دەڵێن ئەگەر شەڕێکی جیهانی سێیەم روو بدات، لەسەر ئاو روو دەدات، بۆیە ئاو پێویستە دەستی پێوە بگرین و ئاسایشی بۆ دابین بکەین، ئاسایشی هزری لێرە جێی نەبۆتەوە، ئاسایشی فیکری و هزری، مەسەلەن ئاسایشێکی هزری با بڵێین نەتەوایەتی، ئەمانە ئایا جێی بۆتەوە لەمانە، یان نا؟
خاڵی هەژدەم بەلای من زیادەیە، لابرێت، لەبەر ئەوەی لە خاڵی سێیەمدا ئاماژەی پێ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دوو، سەبارەت بە مەبادیئی دەستووری، بەڕێزان، لە هەموو ولاَتێكدا ئاسایش بە مانا گشتیەكەی چەندین ڕەهەندو بوعدی هەیە، یەكێك لەوانە بوعدی سیاسیە، كە لە هەموو ولاَتێكدا جەختی لەسەر چ دەكرێت بەردەوامبوونی سیستەمی سیاسی ولاَت و قەوارەی سیاسی لە ولاَتەكەی، بۆیە مەسەلەن لە مەبادیئی دەستووری عێراقی هاتووە، مەسەلەن عێراق دەبێت ولاَتەكە ولاَتێكی دیموكراسی بێت، بۆیە بەردەوام بوون لەسەر سیستەمی دیموكراسی یەكێكە لە مەسەلە ستیراتیجیەكان پەیوەند بە ئاسایشەوە، ئەمە لەلایەكەوە.

لەلایەكی ترەوە، هەندێ بۆچوون هەبوو ئەمە وا باس بكرێت لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ و ئازادییەكاندا هەوڵی ڕێكخستنی ئەم بنچینانە دەدەرێت، بەلاَم دیسان كە دەگوترێت مەبادیئی دەستوور، دیسان جەخت كردنەوەیە لەسەر مافی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەكان، كە لە چوارچێوەی دەستووردا هاتووە، بۆیە ئێمە ڕەئیمان وایە كە زۆر گرنگە ئەمە بمێنێتەوە، سەبارەت بە مەسەلەی هەندێك وشە لە تەرجومە كردنی، یان لە زیاد كردنی، لەڕاستیدا یاساكە لە ئەساسدا بە كوردی نووسراوە، پاشان تەرجومەی عەرەبی كراوە، بۆیە لەوێدا هەندێ گیروگرفتی هەیە، سەبارەت بە مەسەلەی نازحین و مەشەڕەدین بكەین، ئەگەر سەیری كوردیەكە بكەین لەوێ بە پەنابەرو ئاوارە هاتووە، كە مەبەست لێی ئەوەیە بەڕاستی.

سەبارەت بە مەسەلەی هەر لایەنی وشەو ئەوانەوە كاك حاجی خورشید باسی ئەوەی كرد، كە نقود بكرێتە عوملە، دروستە، یەعنی پێویستەو ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕەئیەیەن.

سەبارەت بە مەسەلەی زیاد كردنی شوێنەوارو ئاسار، ئەمە لەچوارچێوەی جیهازەكە هاتووە، لە جیهازەكە نەك هەر ئاسار هاتووە، بەڕێزان، دەزانن مەسەلەی گەشتوگوزارو سیاحەشمان بۆ زیاد كردووە لەوێ، بۆیە كە جیهازەكەش بەشێك دەبێت لەو ئەنجومەنە، دیسان دەبێتە تەواوكەری یەكتری.

سەبارەت بە مەسەلەی لەناوبردنی تیرۆر، یان ئیتر جاسوسی، مكافەحە هاتووە، لەڕاستیدا لەچوارچێوەی یاساكاندا هەم لە یاسای نێودەوڵەتی، هەم لە یاسای ناوخۆ،هەمیش لە وشەو چەمكی موكافەحە بەكار دەهێنرێت، كە زیاتر مانای قەلاَچۆ كردن، یان بەرەنگاربوونەوە دەگەیەنێت، نەك لەناوبردنی یەكجارەكی.

سەبارەت بە ئیزافە كردنی مەسەلەی سدودو ئەوەی كە پەیوەندی بە مەصافی و مەسەلەی نەوتەوە هەیە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین كە مونشەئاتی نەفتی و مەسەلەی سدود زیاد بكرێت.

سەبارەت بە دوایین خاڵ باس كرا، تەئكید لەسەر وشەی ستیراتیجی كردۆتەوە، لە پەیوەست بە ئاسایشی گشتییەوە لە هەندێ ولاَتان، بەتایبەتی كە ئەم ئەنجومەنەیان هەیە، دەوڵەت، یان حكومەت ڕادەسپێردرێت هەر چوار ساڵ جارێك بەڵگە نامەیەكی ستیراتیجی ئامادە بكات، كە لە هەموو بوارەكانەوە سیاسەتی گشتی

وڵات سـەبارەت بـە پاراسـتنی ئاسـایش و سـەبارەت بـە هێڵـەکانی ئاسـایش دیـاری دەکـات، بۆیـە زیـاتر مەبەستەکەی ئەوەیە.

هەروەها سەبارەت بە مەسەلەی ئەوەی ئاماژەی پێ درا ئاسایشی نەتەوەیی، ئەو تەعبیرە بەکار بهێنرێت، لە ماددەکانی رابردووشدا قسەی لەسەر کرا، بەڕێزان، ئاسایشی نەتەوەیی ئەم چەمکە، ئەم زاراوەیە زیاتر لـەو وڵاتانە بەکار دەهێنرێت کە پێیان دەگوترێت دەوڵەت نەتەوە، واتا لەسەر ئەساسی نەتـەوە تـۆ قەوارەیـەکی سیاسی سەربەخۆت هەیە وەکو دەوڵـەت، بـەس ئێمـە لـە چوارچـێوەی عێراقـدا، ئێمـە هـەرێمین، هـەروەها دەستووری عێراق لە مـاددەی 111دا مەسـەلەی ئاسایشـی نیشـتمانیی پەیوەسـت کـردووە بـە مەسـەلەیەکی فیدراڵیەوە، بۆیە ئێمە لەسەر ئاستی هەرێم، هەرێم قەوارەیە، نەك نەتەوە، دەبینین نەتـەوەی کـورد تـەنها لـە باشـووری کوردسـتان ناژیـت، لـە شـوێنی تـریش دەژیـت، بۆیـە تـاکو ئێسـتا ئێمـە قەوارەیـەکی سیاسـی سەربەخۆمان لەچوارچێوەی نەتەوەی کورد، یان بەشێوەی گشتی گەلی کوردستاندا نییە، بۆیـە ئێمـە بڵـێین ئاسایشی هەرێم لە رووی یاسایی، لـە رووی سیاسـیەوە دەقیـق تـرو باشـتر ئامـانجی خـۆی دەپێکێـت، راسـتە هەندێ مەهام هەیە لێرەدا، بەڵام ئەگەر رەبـتی بکـەین بـە پێشـەکیەکەوە، بـەڕێزان، ئـەم ماددەیـە جـەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەم ئەنجومەنە، یان ئـەم یاسـایە بنـەما سـەرەکیەکان و پرەنسـیپە سـەرەکیەکانی ئاسایشـی هـەرێم دادەڕێـژێت، نـەك ئـەم ئەنجومەنـە بچـێت مەسـەلەن بەشـێوەیەکی ئیجرائیـەوە رۆژانـە ئاڵوگۆڕی مەسەلەن تاوانباران بکات، بەڵام ئەرکی ئەم ئەنجومەنەیـە سیاسـەت دابڕێـژێت، بنـەما گشـتیەکان دابڕێژێت، کە چۆن ئاڵوگۆڕی تاوانباران، یان جاسوسەکان لەنێوان هەرێم، یان لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادیـدا دەکرێت.

سـەبارەت بـە مەسـەلەی پەنابـەر، راسـتە بـەگوێرەی دەسـتووری عێراقـی پێـدانی مـافی پەنابەریـەتی مەسەلەیەکی فیدراڵییە، بەڵام ئێستا لە هەرێمی کوردسـتان ئێمـە پەنابـەرمان هەیـە، ئـەم مافـەی پێـدراوە، بـەڵام پاراسـتنی ئاسایشـی بەدواداچـوونی کاروبـاری رۆژانـەی پێویسـتی بـەوە هەیـە، کـە لەلایـەن ئـەم ئەنجومەنە، یان دامودەزگاکانی ئاسایش لە هەرێمەوە بنەماکانی بۆ دابنرێت.

باسی ئەوەش کرا، کە لەوانەیە مەسەلەی گەندەڵی و ئیتر فەسادی مالی ئەرکی ئـەوە نـەبێت، مەسـەلەیەکی زۆر گەورەیە، دەکرێتەوە بنەما سەرەکیەکانی بۆ دابنرێـت، لەوانەیـە لـە داهـاتوودا لەلایـەن دامودەزگاکـانی ئاسایشەوە مەعلومات هەبێت، بەڵگەنامـە هـەبێت، چۆن ئەمـە تەنسـیق و تـەعاون دەکـات لەگـەڵ دەسـتەی نەزاهـە، لەگـەڵ دیـوانی چـاودێری، لـەم رووەشـەوە دیسـان پێویسـتە ئەمـە بمێنێتـەوەو ئێمـە بـە زەروری دەزانین.

بەڕێزان، ئەمە بۆچوونەکانی ئێمە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەندێك مولاحەزات هەبوو تەزویری نقود، عوملە بێتن، جەرائیمی سەعبە هەبوو، ئەگەر ئاخر صیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر (نورەدينى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەڕێزان دوايين صياغەى دەخوێنينەوە.

المادة الثالثة:

يهدف هذا القانون إلى إقامة وصياغة أسس أمن الإقليم عن طريق:

1-ضمان الأمن والإستقرار في الأقليم.

2- حماية الأسس والمبادىء الدستورية والقانونية للإقليم.

3-جمع وتحليل المعلومات وتقييم أي تهديد لأمن الإقليم.

4-تبادل المعلومات بين المؤسسات المختصة في الإقليم والحكومة الإتحادية.

5-تبادل المتهمين والمجرمين وتسليم قضاياهم بين المؤسسات الأمنية الإتحادية ونظيراتها في الإقليم وفق آلية تحدد بنظام.

6-حماية الأمن الإقتصادي للإقليم بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

7-حماية أمن الإقليم في مجالات الجرائم الخطرة والجرائم المنظمة وجرائم المواد المخدرة وتزوير العملة والفساد الإداري والمالي وغسيل الأموال وذلك وفق القوانين السارية في الإقليم.

8-حماية نظام المعلومات في الإقليم.

9-مكافحة الإرهاب وفق القوانين السارية في الإقليم.

10-مكافحة أعمال التجسس وفق القوانين المعمول بها في الإقليم.

11-حماية أمن الإتصالات والسدود والمنشآت النفطية.

12-حماية أمن المطارات والمنافذ الحدودية في الإقليم.

13-التنسيق مع الجهات ذات العلاقة لحماية أمن الشخصيات الرسمية لدى الحاجة.

14-التنسيق مع الجهات ذات العلاقة لمتابعة أمور اللاجئين والنازحين والأجانب المقيمين في الإقليم.

15-حماية الأمن الغذائي والصحي في الإقليم بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

16-حماية أمن الطاقة والمؤسسات الحياتية.

17-التنسيق مع الجهات المعنية لحماية أمن المنظمات الدولية والبعثات الدبلوماسية والقنصلية في الإقليم.

18-ضمان أمن مقرات وتشكيلات البيشمركة وجمع المعلومات المخابراتية والميدانية والإستراتيجية وتقييمها.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بە كورديش فەرموون.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر (نورەدينى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەڕێزان دوايين صياغەى دەخوێنينەوە.

**ماددەی سێیەم:**

**ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لەبنیاتنان و دارِشتنی بنچینەکانی ئاسایشی هەرێم لە رِێگای:**

**1-دابین کردنی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێم.**

**2-پاراستنی بنچینەو پرینسیپە دەستووری و یاساییەکانی هەرێم.**

**3-کۆکردنەوەو شیکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی هەر هەرِەشەیەك لەسەر ئاسایشی هەرێم.**

**4-گۆرِینەوەی زانیاری لەنێوان دەزگای تایبەتمەند لە هەرێم و حکومەتی فیدراڵ.**

**5-ئاڵوگۆرِی تۆمەتبارو تاوانباران و رِادەستکردنی دۆزەکانیان لەنێوان دەزگا ئاسایشیەکانی فیدراڵی و هەرێم بەگوێرەی میکانیزمێك، کە بە پەیرِەو دیاری دەکرێت.**

**6-پاراستنی ئاسایشی ئابووری هەرێم بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.**

**7-پاراستنی ئاسایشی هەرێم لەبواری تاوانی مەترسیدار، تاوانی رِێکخراو، ماددەی هۆشبەر، ساختەکاری لە دراودا، گەندەڵی کارگێری و دارایی، شتنەوەی پارە بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.**

**8-پاراستنی سیستەمی زانیاری هەرێم.**

**9-بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.**

**10-بەرەنگاربوونەوەی سیخوری بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم.**

**11-پاراستنی ئاسایشی گەیاندن و دامەزراوە نەوتیەکان و بەنداوەکان.**

**12-پاراستنی ئاسایشی فرِۆکەخانەکان و دەروازە سنوورییەکانی هەرێم.**

**13-هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی کەسانی فەرمی لە کاتی پێویستدا.**

**14-بەدواداچوونی کاروباری پەنابەرو ئاوارەو ئەو بیانیانەی لە هەرێم نیشتەجێن بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.**

**15-پاراستنی ئاسایشی خۆراکی و تەندروستی لە هەرێمدا بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.**

**16-پاراستنی ئاسایشی وزەو دەزگا ژیارییەکان.**

**17-هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی رِێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان و نێردە دیبلۆماسییەکان و کونسولگەرییەکان لە هەرێم.**

**18-دابین کردنی ئاسایشی بارەگاو پێکهاتەکانی پێشمەرگەو کۆکردنەوەی زانیارییەکانی هەواڵگری و مەیدانی و ستراتیژی و هەڵسەنگاندنیان.**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ ئێوەی بەرِێز، بەرِێزان کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیيە؟ تەنها سێ کەس لەگەڵدا نییە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی چوار فەرموو.**

**بەرِێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: ئەنجومەن راوێژکارێکی هەیە، کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت و سەرپەرشتی و بەڕێوەبردن و هەماهەنگی نێوان دەزگاکانی سەر بە ئەنجومەنەکە ئەنجام دەدات، هەروەها راوێژکار جێگرێکی دەبێت بۆ هاوکاری و راپەڕاندنی کارەکانی بەپێی ئەو دەسەلاَتانەی پێی دەدرێت.**

**دووەم: بەرپرسی دەزگاکانی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە ئەندامن لە ئەنجومەنەکەدا، سەرۆکی هەرێم دەتوانێت کەس، یان دەزگای تر بەگوێرەی پێداویستیەکانی تەناهی بۆ ئەنجومەن زیاد بکات، یان بانگهێشت بکات.**

**سێیەم: دابین کردنی بودجەیەك لە بودجەی گشتی هەرێم بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموون بە عەرەبیش بخوێننەوە.**

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:**

**1- يكون للمجلس مستشار يعيين من قبل رئيس الإقليم بدرجة وزير، يشرف ويـدير وينسق بـين المؤسسات التابعة للمجلس ويكون له نائب يعاونه في إنجاز مهماته وفق الصلاحيات المخولة له.**

**2- يكون مسؤولوا المؤسسات الواردة في المادة الثانية من هذا القانون أعضاء في المجلس ولرئيس الإقليم الحق في إضافة أشخاص أو مؤسسات أخرى له دعوتهم إلى المجلس في الحالات الإعتيادية.**

**3- تخصيص ميزانية لمجلس أمن الإقليم من الميزانية العامة للإقليم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش رەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش بەکۆی دەنگ لەگەڵ ئەو ماددەیەن وهیچ مولاحەزەیەکمان نییە، تەنهاو تەنها (1، 2، 3) نووسراوە کردوومانە بە (اولاً، ثانیاً، ثالثاً)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**هەردوو لیژنە موتەفیقن.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڵێ ئەوە رەئی تەواوی لیژنەی یاسایی و ناوخۆ بوو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی چوار موداخەلە بکات؟ ناویان دەنووسین، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن لەسەر ئەو ماددەیە، ڕێزداران (شیلان عبدالجبار، صباح بیت الله، عمر هەورامی، شلێر محی الدین، شڤان احمد، جمال طاهر، سالم تۆما، احمد وەرتی)، کەسی تر هەیە؟ تارا ئەسعەدی، فەرموو شیلان خان.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی یاسا دامەزراندنێ وێت وزارەتاو دەزگاو دەستە، چەند مەرجەك هاتینە بۆ کاندید کرنا بەرپرسا وەزارەتا، یاخود دەستە، ئەژی ڤێرێ دبینم کو پی تی ڤیا بۆ وەزیر، یاخود ئەو موستەشارەی کە سەرۆکێ هەرێمێ دەست نیشان بکاتن، هەندەك موئەهیلاتێت وی بێنە دیار کرن، دەربارا ئاستێ خوێندنێ ژیا وی ئەزمونا وی ئی ل ڤی بارێدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله کەرەم بکە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوار فەقەرە دوو لێ دیماییا دەرێ بێژیتن (او مؤسسات الاخرى او دعوتهم الى المجلس في الحالات الاعتيادية)، بە رەئیا من ببێتە (عند الحاجة)، لە خالا سێ (تخصيص ميزانية لمجلس) بە رەئیا مـن رەنگـێ بێتە صیاغە کرن (تخصيص ميزانية للمجلس ضمن الموازنة العامة للاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر هەورامی کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوارەم پێشنیار دەکەم داڕشتنەوەکەی بەم شێوەیە بێت:

(لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بەپلەی وەزیر ڕاوێژکارێك دادەمەزرێت، بۆ سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردن و هەماهەنگی لەنێوان دەزگاکانی سەر بە ئەنجومەنەکە)، ئەمە جیاوازی چیە لەگەڵ ئەوەی کە خۆی هەیە، ئێمە کاتێك کە دەڵێین ئەنجومەن ڕاوێژکارێکی هەبێت، لە ڕووی داڕشتنەوە وا دەکات، کە ئەم ڕاوێژکارە ئیش و کاری دووبارە ڕاوێژکاری دەکات، بەڵام کە گۆڕیت کردت بەوەی کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بە پلەی وەزیر ڕاوێژکارێك دادەمەزرێت، دوای ئەوە وەزیفەکەی دادەنێی بۆ خۆت، بۆ سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردن و هەماهەنگی نێوان دەزگاکانی سەر بە ئەنجومەنەکە، من تەسەور دەکەم وا باشترە.

پرسیارم لەسەر ئەوە هەیە، ڕاوێژکار جێگرێکی دەبێت، لێرە دەست نیشان نەکراوە، کێ ئەو جێگرە دیاری دەکات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر محی الدین کەرەم بکە.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ماددەکە دەکەم، دەڵێم لە ڕووی صیاغەکەی عەرەبیەکەی باشە، دەڵێت (لمجلس مستشار)، بەڵام لێرە لە تەرجومەی عادەتەن لە یاساکان تەرجومەی حەرفی دەکرێت لە عەرەبیەکە بۆ کوردی دەکرێت، هەر صیاغەکەی تێك دەچێت، منیش پشتگیری ڕەئیەکەی کاك عمر هەورامی دەکەم لە داڕشتنەوەی صیاغەکەی جارێکی تر، بەڵام من داڕشتنەوەیەکی ترم هەیە، ئەگەر قەبولی بکەن (ئەنجومەن لەلایەن ڕاوێژکارێك (بە پلەی وەزیر) لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دادەمەزرێت سەرپەرشتی و کارەکانی بەڕێوە دەبردرێت بە هەماهەنگی لەنێوان دەزگاکانی سەر بە ئەنجومەنەکە، هەروەها جێگرێکی دەبێت هاوکاری ڕاپەڕاندنی کارەکانی دەکات، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێی دەدرێت، ئەگەر قەبولی بکەن ئەو صیاغەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی هاوبەش، لێرەدا ئایا ئەو ئەنجومەنە کەسانێکی مەعنەوی دەبێت، یان نا؟ پرسیارەکەم ئەوەیە ئەم ئەنجومەنە کەسایەتی مەعنەوی دەبێت، یان نا؟ ئەگەر دەبێتن، من پێم باشە بڕگەیەکی بۆ ئیزافە بکرێتن لە بیدایەتەوە (ئەنجومەن کەسایەتی مەعنەوی خۆی هەیە، یان دەبێت)، یان ئەگەر بڕگەی بۆ ئیزافە نەکرێت، لەگەڵ خاڵی یەکەم بنووسرێتن (ئەنجومەن کەسایەتیەکی مەعنەوی و ڕاوێژکارێکی دەبێت لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، ئەگەر بەو صیغەتە بێتن، ئەگەر ببێتن، چ بە بڕگەیەك، چ بە دەمج کردنی، ئەمە تێبینی یەکەم.

تێبینی دووەم، لە بڕگەی سێیەمدا دابین کردنی بودجەیەکی تایبەت، ئەم ئەنجومەنە دائیمەن بودجەیان تایبەت دەبێتن، بودجەیەکی تایبەت لە بودجەی هەرێم و لەژێر چاودێری دیوانی چاودێری دارایی هەرێمدا دەبێت، وەکو نەزاهە، چونکە لە نەزاهە زیاتر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جمال طاهر کەرەم بکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به دانانی ئەم موستەشارە لە رووی ئیدارییەوە، ئەوەیە کە تەنها سەلاحیاتی ئیستیشارەی هەیە، یەعنی سەلاحیاتی تەنفیزی نییە، چونکە موستەشارە، موستەشار ئەو کەسەیە بەس راوێژکاری دەدات، لایەنی تر ئەوەیە وەردەگرێت، یان نا؟ ئەگەر هاتو وەرگرت بوو ئەمری تەنفیزی ئەو کاتە دەبێتە مولزەم، ئیستیشارە سیفەتی ئیلزام نییە، بۆچی من لێرە دەبینم نووسراوە (یشرف ویدیر وینسق)، ئەمانە هەندێ وەزائیفن تێکەڵی لەناویان کریە، باشتر دەبینم (یکون للمجلس مستشار یعیین من قبل رئیس الاقلیم بدرجة وزیر یوجە المؤسسات التابعة للمجلس وینسق بینها ویکون لە نائب یعاونە في انجاز مهامە) (ولیست مهامتە)، مەهامە، نەك موهیماتە، ئەمە یەك.

خاڵی دووەم، (اضافة اشخاص او مؤسسات اخری او دعواتهم الی المجلس في الحالات الاعتیادیة)، ئەوانە (اضافة اشخاص) وەزیفە دائیمیە، بە سیفەتی موەقەتەیە، ئیستیعانە پێ دەکرێت وەك خەبیر و، بڵێین وەك شارەزا، باشە ئەوانە حەقی تەصویتیان دەبێت، یان نا؟ یەعنی ئێمە لازمە لێرە شتێك دیاری بکەین، عەجەبە (ان یکون لهم حق التصویت)، یانیش بۆیان نابێت دەنگ بدەن.

خاڵی سێیەم، (یخصص او تخصیص موازنة) میزانیە بکرێت بە موازەنە، (موازنة لمجلس امن الاقلیم ضمن الموازنة العامة للاقلیم وتخضع حساباتە للتدقیق من قبل دیوان الرقابة المالیة)، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سالم تۆما کەرەم بکە.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی راوێژکار سیفەتی راوێژکارییە، لێرە کارێکی تەنفیزیمان پێ سپاردووە، بە قەناعەتی من ناکرێت جێگری هەبێت، چونکە خۆی راوێژکارە.

دووەم/ دامەزراندنی بە پلەی وەزیر لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە، بە قەناعەتی من دەست نیشان کردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، نەك دامەزراندنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو راوێژکارە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاری دەکرێت، دواتر ئەمە نائیبێکی دەبێت، ئایا نایبەکە لەلایەن کێوە دیاری دەکرێت؟ ئەمە روون نەکراوەتەوە لێرە لە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم، ئەو موئەسەساتانەی ئەندام دەبن لە ئەنجومەنەکە، دواتر دەڵێت بۆی هەیە لە حاڵەتی ئیعتیادی موئەسەساتی تر، ئەشخاصی تر بانگ بکات بۆ مەجلیسەکە، باشترە (عند الحاجة) بێت لە جیاتی

(الحالات الاعتيادية دون ان يكون لهم حق التصويت)، چونكه دياره ئەوانە ئايا ماڤى دەنگدانيان هەيە، يان نيانە؟ بەڵكو نەك لە حاڵەتى ئيعتيادى (عند الحاجة) بێت.
لە خاڵى سێيەميش، لە جياتى (تخصيص ميزانية)، (لمجلس ميزانية) باشترە، بەو شێوەيە دابڕێژرێتەوە (لمجلس ميزانية من الميزانية العامة للاقليم تخضع لديوان الرقابة المالية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تارا ئەسعەدى كەرەم بكە.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

قسەكانى من زۆربەى كران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ليژنەى هاوبەش رەئيتان تكايە.

**بەڕێز عمر حمدامين خدر(نورەدينى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماناى، يان مەفهومى وشەى موستەشار، لەڕاستيدا بە ماناى ئەوە نييە، كە راوێژى پێ دەكرێت، يان رەئى دەدات، لێرە لەچوارچێوەى ئەم ياسايەدا، بۆ نموونە مەسەلەن راوێژكارى ئاسايشى نەوتەوەيى لە ولاَتە يەكگرتووەكانى ئەمريكا، سەرۆكى مەجليسێك دەكات، كە وەزيرى دەرەوە تێيدا ئەندامە، ئيتر سياسەت دادەڕێژرێت، بنەما دادەڕێژرێت، راوێژكار لە ئەڵمانيا سەرۆكى ولاَتە، بەماناى ئەوە نييە ئەم پۆستە بالاَيە ئەمە تەنها مەسەلەن رەئى لێ وەردەگيرێت و ئەوەى لە چوارچێوەى وەزارەتێكدا ئێمە موستەشار دادەنێين، لێرەدا بەم مانايەدا هاتووە، وەكو باسم كرد ئيتر يەك، دوو نموونەش ئاماژەم پێ كرد.
سەبارەت بەوەى كە ئێمە ئيزافە بكەين، كە لەكاتى پێويستدا ئاساييە، ئێمەش پێمان باشە ئيزافە بكرێت، بەتايبەتى لە بڕگەى دووەمدا، كە لەكاتى پێويستداو بەبێ ئەوەى ماڤى دەنگ دانى هەبێت.
سەبارەت بەوەى لە رووى صياغە كردنەوە، ئەوە كە ميزانيە بكرێتە موازەنە، ئاساييە، لەوانەيە دروستتر بێت لەچوارچێوەى ميزانيەى گشتى هەرێميش بێت، بەلاَم هەر ميزانيەيەك، سەبارەت بە رەقابە هەر ميزانيەيەك ديارى بكرێت لەچوارچێوەى ميزانيەى گشتى هەرێمدا بێت، كەواتە خازيعە، ملكەچە بۆ ديوانى چاودێرى دارايى، ئەگەر لێرەدا نەيەت، چونكە بۆ خۆى بەشێوەيەكى گشتى ئەو ميزانيە ملكەچە، چاودێرييە، ملكەچى چاودێرييە، كەواتە ئەو بەشەش لە ئەسڵەكەى دەبێتەوە، ديسان ملكەچە بۆ چاودێرى دارايى، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

تكايە ئاخير صياغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەى بيدەينە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:**

**1-يكون للمجلس مستشار يعيين من قبل رئيس الإقليم بدرجة وزير، يشرف ويدير وينسق بين المؤسسات التابعة للمجلس و يكون له نائب يعاونه في إنجاز مهماته وفق الصلاحيات المخولة له.**

**2-يكون مسؤولوا المؤسسات الواردة في المادة الثانية من هذا القانون أعضاء في المجلس ولرئيس الإقليم الحق في إضافة أشخاص أو مؤسسات أخرى دعوتهم إلى المجلس في الحالات الإعتيادية عند الاقتضاء.**

**3-تخصيص ميزانية لمجلس أمن الإقليم من الميزانية العامة للإقليم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی پێنج فەرموو.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**1-ئەنجومەن ڕێ و شوێن و ڕێساكانی ڕەفتاری تەناهی مەشقی پسپۆری بۆ كادیرەكانی دادەڕێژێت.**

**2- كارو پەیكەر بەندی ئەو دەزگایانەی لە ماددەی دووەمی ئەم یاسادا ناویان هاتووە بە پەیڕەوێك، یان یاسایەك بەگوێرەی پەیوەندی دەزگاكان بە لایەنە پەیوەندیدارەكانەوە ڕێك دەخرێت.**

**3- ئەرك و ماف و دسپلینی ئەفسەرو كارمەندانی كە لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا ناویان هاتووە بە یاسایەكی تایبەت ڕێك دەخرێت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە عەرەبیش كەرەم بكەن.**

**بەڕێزشێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

**1-يصوغ المجلس إجراءات وقواعد السلوك الاعتيادي والتدريبات المتخصصة لكوادره.**

**2-ينظم المجلس أعمال وهيكلية المؤسسات الواردة أسمائها في المادة الثانية من هذا القانون بنظام، أو بقانون بحسب علاقة المؤسسة بالجهات ذات العلاقة.**

3-ينظم بقانون خاص الواجبات والحقوق والحالة الإنضباطية للضباط والعاملين الواردة في المادة الثانية من هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەی لیژنەی هاوبەش لە لیژنە ئەو مەوزوعەمان موناقەشە کرد، پێمانوا بوو پێویستە فەقەرەی یەك و سێ هەڵبگیرێت، بەڵام دوای ئەوەی کە ڕاوێژمان کرد لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ، هاتینە ئەو قەناعەتە کە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو مەجلیسە پێویستی بە هەندێك ئیجرائات هەیە، ئەو ئیجرائاتە پەیوەندی بە سلوکی ئیعتیادییەوە هەیە، بە تەدریبات هەیە، لە هەمان کاتدا حقوق و واجیباتی ئەو دەزگایانە بە تەئکید پێویستی بە هەیکەلیەت هەیەو بە مەسەلەی حقوق و حاڵاتی ئینزیباتی هەیە، بۆیە پێمانوایە هەرسێ فەقەرە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەگەڵ لیژنەی ناوخۆش قسەمان کرد لەو بارەیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ناویان دەنووسین، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (دکتۆر احمد وەرتی، ئەڤین عمر، سۆزان شهاب، ئاسۆ کەریم، شڤان احمد، قادر حسن)، بەڕێز اسماعیل محمود کەرەم بکە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە کۆبوونەوەی هەردوو لیژنەدا ڕای هەندێك لە ئەندامانی لیژنەی کاروباری ناوخۆ وا بوو، کە ماددەیەك بەو شێوەیە زیاد بکرێت:

(کاتێکی دیاری کراو دەست نیشان بکرێت، بۆ یەکخستنی ئاژانسی پاراستن و زانیاری لە ماوەی دوو ساڵدا).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر ئەحمەد وەرتی کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە خاڵی یەکەم و دووەم باس لەوە دەکات ڕێ و شوێن و ڕێساکان و ڕەفتاری ئەو ئەندامەکانی و هەروەها ئەو دەزگایانەی کە لە ماددەی دووەمدا هەن، بە پەیڕەوێك ڕێك بخرێن، لەبەر ئەوە ئەگەر هەر لە ڕەئی پێشووی هاوبەشی هەردوو لیژنە وەکو خۆی بمابایەوە، پێموایە کێشەیەك نەبوو، یەعنی ئەنجومەن کارو

پەیکەری ئەو دەزگایانەی ناویان لە ماددەی دووەمی ئەم یاسادا هاتووە بە پەیڕەوێك ڕێك دەخات، نەك بە یاسا، وەك ئەوەی یاسایە، یاسایەکی تر بۆ دابنرێت بە پەیڕەو ڕێك دەخات، پێموایە ئەوە کافی بوو.
بەنیسبەت ئەو رەئیەی هەندێك لە ئەندامان و پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، ئەو ماددەیە دابنرێت، بۆ یەکخستنەوەی دەزگای پاراستن و زانیاری، من پشتیوانی لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئەڤین عمر کەرەم بکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنجەم/ خاڵی یەکەم، کە باسی تەدریب و قەواعیدی سلوك دەکات، ئەگەر لێرە مەبەست لەوەیە کە بۆ ئەو مەجلیسەی کە ئێستا هەیە، وابزانم ئەو مەجلیسە هەر خۆی دەسەڵاتی ئەوەی دەبێت، کە ئەو تەدریب و ئەو قواعیدو شتانە بکات کە لێرە باس کراوە، بەڵام ئەگەر باسی کەوادیری ناو موئەسەسەکانی تر دەکات کە هاتووە، ئەوە لێرەدا لە دووەم ئێمە باسی ئەوە دەکەین، کەوا جارێکی تر بە نیزام، یاخود بە پەیڕەوێکی ناوخۆ ئەوان تەدریبات وەربگرن، بۆیە من لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەبینم کەوا خاڵی یەکەم نەمێنێت و هەڵبگیرێت.
سەبارەت بە خاڵی دووەم لە عەرەبیەکەدا، ئەگەر بخوێندرێتەوە تۆزێك نامەفهومیەتی تیایە، بەڵام لە کوردیەکە باشتر ڕێکخراوە، کە کاتێك باسی ئەوە دەکات دەڵێت بەنیزامێك ئەو یاسایە، من هەڵبەتە لەگەڵ کاك دکتۆر احمد دام، کە یاساکە ئەسڵەن هەڵبگیرێت، بەڵام باسی ئەوە دەکات، کە قانونێك هەبێت (بحسب علاقة المؤسسة بجهاز ذات العلاقة)، ئەگەر باسی موئەسەسە دەکات، خۆ لە ماددەی دووەمدا هەموویان بەناوی موئەسەسە نەهاتووە، هەندێکیان ناویان مودیریەی عامەیە، سێیەمیشیان ناوی وەکالەیە، بۆیە ئەگەر لێرەدا ناوەکە تۆزێك تەرتیب بکرێت، یاخود ڕێکبخرێت، وەکو گوتم لە کوردیەکە بەشێوەیەکی جوان هاتووە، بەڵام لە عەرەبیەکە تۆزێك رەکیکە.
سەبارەت بە سێیەم، دەڵێت (ینظم بقانون خاص الواجبات والحقوق والحالة الانضباطية للضباط والعاملين الواردة اسمائهم في المادة الثانية)، لە ماددەی دووەم ناوی هیچ............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سۆزان شهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەکەمدا لە ماددەی پێنجەم، قەواعیدی سلوکی ئیعتیادی نییە، وەزیفییە، سلوکی وەزیفی، نەك ئیعتیادی، هەموو کەسێك خۆی قەواعیدی سلوکی ئیعتیادی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دادەنێت، مەجلیس بۆی دانانێت، لەبەر ئەوەی سلوکی وەزیفییە.

لـەخاڵی دووەمـدا، تێکەڵیـەك هەیـە، چـونکە خـۆی ئـەو موئەسەسـەیە لـەناو خۆیـدا کۆمـەڵێك جیهـاز دەگرێتەخۆی، کە هەندێکیان بە قانون دەبێت رێـك بخـرێن، هەنـدێکیشـیان دەبێـت بـە نیـزام رێـك بخـرێن، لەبەر ئەوە مادام بە نیزام رێکخراوە، چونکە ئێمە دەزانین ئـەوەی بـەقانون رێکخـراوە، ئـەوە موئەسەسـەی ئـەمنی ئیقلیمـە کـە بـە قـانون رێـك دەخرێـت، مودیریـەی عامـەی ئیسـتیخباراتی عەسـکەری بـە قـانون رێکخراوەو هەیەو بوونی هەیە، دەمێنێتەوە وەکالەتی حیمایەی مەعلومات (وكالة الحماية والمعلومات)، ئەوە خۆی دەبێت بە نیزامێکی خاص بێت، دەبێت جیا بکرێتەوە، یەعنی دەبێت دیاری بکرێت، نابێت بگوترێـت بە قانون و بەنیزامیش، ئەمە لێرەدا تێکەڵاویەکی تێدایە.

خاڵی سێیەم/ (یـنظم بقـانون خـاص الواجبـات والحقـوق والحالـة الانضـباطية للضـباط)، زوبـات غەڵـەتێکی مەتبەعی تێدایە، ئەگەر ئەوەی چاك بکەن خراپ نییە، (والعاملين الواردة ذكرهم)، نەك (الواردة اسمائهم)، (الواردة ذكرهم في المادة الثانية من هذا القانون)، دەبێت بگوترێت (ينظم بقانون خـاص الواجبـات والحقـوق والحالـة الانضـباطية للضـباط والعـاملين الـواردة ذكـرهم في المـادة الثانيـة مـن هـذا القـانون)، نـەك (الـوارده اسمائهم)، چونکە ئێمە ناوی هینمان هێناوە لە ماددەی دووەمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئاسۆ کەریم کەرەم بکە.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی پێنجەم، بڕگەی دووەم، بەڕاستی (ينظم المجلس أعمال وهيكلية المؤسسات الـواردة أسمائها في المادة الثانية من هذا القـانون. بنظـام)، بـەڵێ مـەجلیس دەتوانێـت بـە نیزامێـك شـت دەربکـات، بـەڵام (أو بقانون)، مەجلیس ناتوانێـت قـانون دەربکـات، قـانون تـەنیا کـاری پەرلەمانـە، کـاری مـەجلیس نییـە، بۆیـە بەبڕوای من ئەمە لێرەدا بەشێوەیەکی هەڵە هـاتووە، ئـەو پرسـیارە ئاراسـتەی لیژنـەی یاسـایی دەکـەم، ئایـا دەکرێت مەجلیسێك قانون دەربکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر ماددەی پێنج لە بڕگەی دوودا، ئەوەی کاك ئاسۆ ئاماژەی پێ کرد، من سەد لە سەد تەئیـدی دەکەم، بەپیی پەیڕەوێك، یان یاسایەك لابرێت، بـەگوێرەی دەزگاکـە لایەنـە پەیوەندیدارەکانـەوە لەلایـەن ئەنجومەن رێك دەخرێت، لەلایەن ئەنجومەنی بۆ ئیزافە بکرێت، چونکە دیار نییـە کـێ ئـەم پـەیڕەوە رێـك دەخات؟ لەلایەن ئەنجومەن، ئەنجومەن ئەو پەیڕەوە رێك دەخات.

خاڵی سێیەم، من دەبینم ئەمە تەحصیل حاصلە، هەر پێویست بەوجودی ناکات، ئەم ئەرك و ماف و شتانەو کارمەندان، ئەمانە هەموویان یەعنی دەرەجەداری عەسکەرین، ئەو یاسا سەربازییانەی کە لە هەرێمدا کار پێکراون دەچنە ژێر رکێفی ئەوانەوە، هەر پێویست بە هەبوونیشی ناکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار قادر حەسەن کەرەم بکە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای روون کردنەوەی بەڕێزانی لیژنەی هاوبەش، من پێشنیار دەکەم ماددەی پێنج بە هەرسێ بڕگەکەیەوە بەبێ گۆڕان و دەستکاری وەکو خۆی بمێنێتەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لە برادەران گوتیان مەسەلەی قانون و مەسەلەی نیزام و مەسەلەی تەعلیماتیش زۆر هاتە ئاراوە، ئێمە پێمانوایە وەکو لیژنەی هاوبەش ئیمکان نییە ئیجرائات و قەواعیدی سلوك هەتا بە تەعلیماتیش دەربچێت، نەك بە پەیڕەوێکی ناوخۆ، ئەمە شتێکی زۆر تەبیعییە، کە موئەسەسەیەك بتوانێت ئەم جۆرە ئیجرائاتە دەربکاتن.

بەنیسبەت فەقەرەی سێیەم، ئەوەی سۆزان خان ئیشارەتی پێدا، ئێمە ئەوەمان بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرتووەو عیلاجیشمان کردووە لە فەقەرەی سێیەم.

بەنیسبەت ئەوەی مەجلیس قانون دەردەکات، یان دەرناکات، لێرە نیزامەکە دەکەوێتە سەلاحیەتی مەجلیس، بەلاَم بەڕێزان، خۆتان دەزانن دەبێت پرۆژە تەقدیم بکرێت و بێت لەو پەرلەمانە ئیقرار بکرێت، نەك مەجلیسەکە سەلاحیەتی قەوانین و قەرارات بکات، بۆیە مەسەلەکە بەنیسبەت نیزامەکە، نیزام ئەوە وازیحە، قانونەکەش دێتە ئەو پەرلەمانە، نەك بە خۆی هەڵبستێت، ئێمە وای بۆ دەچین، بۆیە ئەگەر ئیجازەمان بدەنێ صیاغەکەی بخوێنینەوە، دوای ئەو تەعدیلاتەی کە لەسەری کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر صیاغەتان بە عەرەبی و بە کوردی بخوێنن، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

1-يصوغ المجلس إجراءات وقواعد السلوك الاعتيادي والتدريبات المتخصصة لكوادره.

2-ينظم المجلس أعمال وهيكلية المؤسسات الواردة أسمائها في المادة الثانيـة مـن هـذا القـانون. بنظـام أو بقـانون بحسب علاقة المؤسسة بالجهات ذات العلاقة.

3-ينظم بقانون خاص الواجبات والحقوق والحالة الإنضباطية للضباط والعاملين في المؤسسات الواردة في المـادة الثانية من هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر نوقتەی نیزامیت هەبوو، فەرمو.

**بەڕێز عمر احمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێكی تریش ئاماژەمان پێدا، كـە لـەم پـرۆژە یاسـایەدا یەكـەمجار دارِشـتنەكەی بـە كـوردی كـراوە، پاشـان تەرجومەی عەرەبی كراوە، بۆیە لە ماددەی پێنجەم لە برِگـەی یەكەمـدا دەڵێـت (ئەنجومـەن رێ و شـوێن و رێساكانی رەفتاری تەناهی) تەناهی بەمانای ئەمنییە، واتا (السلوك الامنی)، نەك (الاعتیـادی)، بۆیـە دەبێـت بیكەین بە سلوكی ئەمنی، نەك سلوكی ئیعتیادی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان جارێكی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە باسی تەدریبی تەخەصوص و كەوادیر دەكات، ئەمە بەنیسبەت ئەو كەوادیرانەیە ئەو سلوكە ئیعتیادیە، نەك بەنیسبەت خەڵكی ترە، ماددەكە دەخوێنمەوە دوای ئاخیر صیاغە:

المادة الخامسة:

1-يصوغ المجلس إجراءات وقواعد السلوك الاعتيادي والتدريبات المتخصصة لكوادره.

2-ينظم المجلس أعمال وهيكلية المؤسسات الواردة أسمائها في المادة الثانيـة مـن هـذا القـانون. بنظـام أو بقـانون بحسب علاقة المؤسسة بالجهات ذات العلاقة.

3-ينظم بقانون خاص الواجبات والحقوق والحالة الإنضباطية للضباط والعاملين في المؤسسات الواردة في المـادة الثانية من هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك فرسەت موداخەلەی هەیە، كەرەم بكە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوور نییە ڕەئی ئەوەل دروستتر بێت، چونکە لە مەعلومات ڕاستە، صیاغەی ئەوەلی پرۆژەکە بەکوردی بوو، پاشان تەرجومەی عەرەبی کرا، لەوانەیە سلوکی ئەمنی، ئان سلوکی وەزیفی ڕاستتر بێت لە سلوکی ئیعتیادی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر پێتان باش بێت سلوکی ئیعتیادیەکەی دەکەینە سلوکی وەزیفی، خۆی ماناکەشی هەر ئەوەیە.

المادة الخامسة:

1-يصوغ المجلس إجراءات وقواعد السلوك الوظيفي والتدريبات المتخصصة لكوادره.

2-ينظم المجلس أعمال وهيكلية المؤسسات الواردة أسمائها في المادة الثانية من هذا القانون. بنظام أو بقانون بحسب علاقة المؤسسة بالجهات ذات العلاقة.

3-ينظم بقانون خاص الواجبات والحقوق والحالة الإنضباطية للضباط والعاملين في المؤسسات الواردة في المادة الثانية من هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا گشت ماددەکە، ئەسباب موجەبەش بخوێنمەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشی ئەوەی بچینە سەر ماددە پرۆتۆکۆلیەکان، پێشنیارێك هەیە، پاش ئەویش ماددەی پرۆتۆکۆلی پێشنیار هەیە دەیخەینە بەردەستتان، ئێستا دوای ئەو ماددەیە، ماددەیە پێشنیار کراوە لەلایەن هەندێ لە بەڕێزان لیژنەی ناوخۆ، ئەویش ئەوەیە دەڵێت تەحدیدی سەقفێکی زەمەنی بکرێت بۆ تەوحید کردنی وەکالەتی حیمایەو معلومات بۆ ماوەی دوو ساڵ بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددانەی کە ئیزافەتان کردووە، ئەوان ئیعتیادین، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو هەردوو لیژنە پشتگیری لەو موقتەرەحە ناکەین، دەچینە سەر ماددە پرۆتۆکۆلیەکان:

المادة السادسة: للمستشاراصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردووکتان موتەفیقن لەسەر ئەوە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ماددەکەی تر، تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة: لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ماددەکەی تر، تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة: على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ماددەکەی تر، تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی ناوخۆ.**

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هیچ تێبینیەکمان نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ئەسبابی موجیبە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**بغية اقامة وصياغة اسس أمن الاقليم واهدافه وبيان تشكيلات المجلس الخاص به وكيفية اداء مهامه، فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەس موداخەلەی هەیە لەسەر دیباجەکە؟ نییە، ئێستا گشت ماددەکە لەگەڵ دیباجەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (63) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا دەستخۆشی لە ئێوەی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و لە دەزگا ئەمنیەکان دەکەین بە پەسند کردنی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان، سەرکەوتوو بن، ئینشائەڵڵا ئەوانیش کاری خۆیان باشتر دەکەن، دووبارە بەخواتان دەسپێرین، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، تا سبەی سەعات (11) خوا لەگەڵتان بێت.**